BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ DERGİSİ

*Yıl: 7, Cilt: 7, Sayı: 14* *ISSN: 2147-5679*

# بنەماڵەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

**Hemin Omar Ahmad***

**Makale Türü/Article Types:** Araştırma Makalesi/Research Article
**Makale Geliş Tarihi/Received:** 26.01.2022
**Kabul Tarihi/Accepted/:** 28.02.2022
**Atıf:** Ahmad, H. O. (2022).
"The Familiy of Mawlana Khalid Naqshabandi in the Ottoman Archives",
Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Dergisi, 14, 38-68.
**Orcid:** 0000-0003-1985-9512

**پوختە**

بێگومان تا ئێستا بە زۆر لە زمانان چەندین تێز و توێژینەوەی ئەکادیمی و کتێب لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی نووسراون و چەند لایەنی ژیانی ئەو ڕابەر و کەسایەتییە ڕوونکراوەتەوە، بەڵام وەك پێویست ئاوڕ لە خێزان و منداڵ و کەس و کارەکەی نەدراوەتەوە. بەو پێیەی کۆتایی ژیانی مەولانا لە شام بووە و بەشێکی دیاری بنەماڵەکەی لەوێ نیشتەجێ بوونە، ئەو دەڤەرەش بەشێکی ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەکان بووە، بۆیە زانیاری لەبارەی کەس و کار و بنەماڵە و بەشێك لە خەلیفەکانی و خانەقاکانی لە شوێنە جیاوازەکانی وڵاتانی ئیسلامی لەناو ئەرشیڤخانەی عوسمانی دەبینرێت. لەم ڕووەوە چەند لایەنێکی ژیانی هەر یەکە لە مەحموود ساحێبی برای، محەمەد ئەسعەدی برازای، نەجمەددین ئەفەندی کوڕی، فاتیمەخانی کچی و ستی خانمی هاوسەری لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە ڕەسمی و کارگێڕییەکانی ئەرشیڤخانەی عوسمانی خراونەتەڕوو و بە گوێرەی پێویستی زانستی، زانیارییەکانی پێشووتر ڕاستکراونەتەوە یان پشتگیری کراون و یانیش زانیاری تازەیان خراوەتەسەر.

**وشەی کلیلی: بنەماڵەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مەحموود ساحێب، کچی مەولانا، کوڕی**

## The Family of Mawlana Khalid Naqshbandi in the Ottoman Archive

**Abstract**

Undoubtedly, so far, many researches, academic studies, and books have been written in many languages on Mawlana's life and works shedding a light on several aspects of this leading figure. However, yet, there have not been enough studies on his family, children and other members. As far as, Mawlana spent his last part of his life in Levant (Sham), a great number of his family members lived there, and a large part of this area were ruled by Ottoman authorities, an excessive deal of information on his family members, his Khalifs, and Shrines in various Islamic countries were preserved in Ottoman Archives. In this respect, some aspects of the life of his brother Mahmud Saheb, his nephew Muhamad Asaad, his son Najmaddin Afandi, his daughter Fatima Khan, and his wife Sti Khanim, based on the official Ottoman administrative documents and archives were either amended, supported or other extra information added to them.

**Key Words:** Daughter of Mawlana, Family of Mawlana Khalid Naqshbandi, Mahmud Saheb, Mawlana's wife Sti Khanim, Son of Mawlana.

* Dr. Öğr. Üyesi, (heminahmad40@gmail.com )

## 1-1پێشەکی

مەولانا خالیدی نەقشبەندی (1827/6/9-1779ز)[1] کە لە بەڵگەنامەکاندا بە پاشناوی نەقشبەندی نەك بەغدایی هاتووە، یەکێك لە ڕابەرە گەورەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و کەسایەتییەکی گەورەی کوردە، کە کاریگەرییەکەی تا ئێستاش لەناو کوردستان و دەرەوەی کوردستانیشدا هەر ماوە. سەبارەت بە مێژووی ژیانی ئەو ڕابەرە بە زمانی جیاجیا نووسراو و توێژینەوەی جۆربەجۆر هەن. ئەرشیڤخانەی عوسمانییش لە ئیستەنبوڵ وەك یەکێك لە گەورەترین ئەرشیڤخانەکانی ناوچەکە سەرچاوەیەکی گەورەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و کارگێڕیی هەموو ئەو شوێنانەیە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەبن قەڵەمڕەوی عوسمانییەکاندا بوونە. هەر ئەمەش بووە یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە بەو پێیەی تا ئێستا نە لەسەر خودی مەولانا و نە لەسەر کەسە نزیکەکانی بەڵگەنامەی ئەوتۆ نیشان نەدراون.

باسەکە وێڕای سوودوەرگرتنی لەو کتێب و سەرچاوانەی کە کەم تا زۆر باسی مەولانا و بنەماڵەکەی دەکەن، بەڵگەنامەکانی ناو ئەرشیڤخانەی عوسمانی کردۆتە سەرچاوەی سەرەکی و لەو ڕوانگەوە زانیارییەکانی پێشووی ناو کتێب و سەرچاوە نووسراوەکانی هەڵسەنگاندووە و زانیاری بۆ زیادکردوون و ڕاستی کردوونەتەوە، وێڕای ئەوەی هەندێ گومانیشی خستوونەتە ڕوو بەڵکو لە ماوەی دادێ و لە توێژینەوەی دیکەدا توێژەران زانیاری زیاتر پەیدابکەن، بەتایبەتی سەبارەت بە کوڕ و خێزانەکانی مەولانا.

توێژینەوەکە بەشی زۆری ئەو بەڵگانەی خستۆتەڕوو لەبارەی مەحموود ساحێبی برای مەولانا و یەکێك لە خەلیفە و جێگرەوەکانی کە دوای مەولانا ڕۆڵێکی گرنگی لە کوردستان و لە شام و لە حیجاز هەبووە و ڕوانینی عوسمانییەکان سەبارەت بەم کەسایەتییە دەخاتەڕوو، هەروەك ئەسعەد ساحێبی کوڕیشی کەسایەتییەکی دیکەی کاریگەری ئەو بنەماڵەیەیە و ئامادەکاری کتێب و نامەکانی مەولانایە و لەم ڕووەوە بە نامەی تایبەتی مەقامی سەدارەت لە نووسراو و کتێبەکانی مەولانا ئاگاداردەکاتەوە. هەروەها ستی خانمی خێزانی مەولانا کە یەکەم ناوی لە ڕێی ئەم توێژینەوەیە دەکەوێتە نێو ناوان و نامەی تایبەتییەکەی بۆ مەقامی سەدارەت و تەمەن و ساڵی وەفاتەکەی دەستنیشان دەکات، وێڕای زانیاری لەبارەی نەجمەددینی کوڕی پاش مەرگی مەولانا و فاتیمە و سارا خانی کچی. بە ئومێدی ئەوەی ئەم زانیارییانە چەند لایەنێکی ژیانی ئەو بنەماڵەیە ڕوون بکەنەوە و ببێتە دەسپێکێك بۆ ئەوەی زانیاری دیکە چ لەبارەی خودی مەولانا و چ لەبارەی بنەماڵە و خەلیفەکانی بکەوێنە بەردەست و دیواری توێژینەوەی ژیان و بەرهەمەکانی ئەو ڕابەرە پتەوتر بکەن.

## 2- برای مەولاناخالید:

### 1-2 مەحموود ساحێب:

ناوی (مەحمود ساحێب کوڕی ئەحمەد بووە لە ساڵی 1783-1197ی میلادی لە قەرەداغ لەدایك بووە، ناوبراو پێش باڵغبوونی لەلای مەولانا پەروەردە و گەورە بووە و قورئان و دەسپێکی زانستەکانی فێرکردووە، پاشان لەسەر دەستی ئەو خوێندن تەواو دەکات و دەگاتە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و زانستی و حاڵ و مەقامەکانیش تەواو دەکات و مەولانا ئیرشادی دەکات و دوای ئەو دەبێتە خەلیفە..... کە مەولانا دەچێتە بەغدا ئەو دەبێتە شوێنگرەوەی لە خانەقای سلێمانی، هەروەها کە مەولانا دەچیتە شام ئەو بە نوێنەرایەتی مەولانا دەچێتە حیجاز و پاشان دەگەڕێتەوە دیمەشق و بە فەرمانی مەولانا دەگەڕێتەوە سلێمانی بۆ ئەوەی پەرە بە تەریقەت بدات، بەو جۆرە بەردەوام دەبێت تا مەولانا وەفات دەکات و دوای پینج ساڵ لە وەفاتی براکەی، دەچێتە دیمەشق لە مزگەوتی عەداس دەمێنێتەوە و لەسەر بەرماڵی ئیرشاد دادەنیشێ و هەموو موڵکە وەقفەکانی براکەی دەکەونە بن دەستی ئەو، پاشان دەچێتە حیجاز و حەفت ساڵان دەبێتە دراوسێی کەعبە، دوای ئەوە دەگەڕێتەوە

---

[1] سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی، بۆچوونی جیاواز هەن، بەڵام د. عەبدولجەبار کاڤاك لە تێزی دکتۆراکەی خۆیدا دوای هێنانەوەی هەموو ئەو بۆچوونانە، ئەو بۆچوونە بەڕاست دەزانێ کە لە ساڵی 1779 لەدایك بووە. بڕوانە:
Abdulcebbar KAVAK, Mevlânâ Hâlid-İ Bağdadî Ve Hâlidî Tasavvuf Geleneğinin Tarihi Gelişim Süreci, Doktora Tezi, Atatürk Üniversitesi, Erzurum 2013 2013,s. 32

دیمەشق و خەلیفەکانی خۆی دەنێرێتە وڵاتانی وەك هیند، بوخارا، دیاربەکر، سنە و بەغدا. سوڵتان عەبدولحەمید ڕێزی دەگرێت و تەکیەیەکی بۆ دروست دەکات لە شام بەناوی تەکیەی سلێمانیە، هەروەها وەکیل و وەزیفەداری بۆ دەرسدانەوە بۆ دادەمەزرێنێ، لەو شوێنە دەمێنێتەوە تا لە تەمەنی 86 ساڵی و لە ساڵی 1283-1866 وەفاتی کردووە. ناوبراو ڕێزی زۆری هەبوو لە دڵی خەڵکیدا و خەلیفەکانی بە زۆری لە دیمەشق بوون وەك شێخ ئەحمەدی سمینی بەغدادی و مەلا ئەبوبەکری کوردی گەڵاڵی و موحەممەد القرمشلی و عەبدولفەتاح ساحێب. ناوبراو دوو کوڕی لەدوای خۆی جێهێشتن ئەوانیش شێخ محەمەد ئەسعەد ساحێب و مەولاناخالید ساحێب بوون.[2]

لەو کاتەی مەولانا وەسیەت دەکات ژنبراکەی خۆی وەك خەلیفە و سەرپەرشتیاری ماڵ و مناڵی دیاردەکات (مەولانا هێشتا کە ساغ بووە سەیید ئیسماعیلی غەززی کە ژنبرا و خەلیفەی بووە بانگ ئەکا، هەروا چەند کەسێکیش لە خولەفا و مەنسووبین بانگ ئەکا و ئەیانکا بە شاهید کەوا لەپاش وەفاتی خۆی شێخ ئیسماعیلی هەنارانی خەلیفەی موتڵەقی بێ بۆ ڕێپیشاندانی مسوڵمانان و بەسەر هەموو خەلیفە و مریدەکانیا فەرمانڕەوا بێ و وەصییش بێ بەسەر ماڵ و مناڵەکەیەوە بۆ خزمەتکردن و بەڕێوەبردنیان لە هەموو بابەتێکەوە تا بمێنێ و پاش ئەویش شێخ عەبدوڵڵای هەرانی و پاش ئەویش شێخ عەبدولفەتتاحی عەقرەیی. مەولانا ئەفەرموێت مادەم ئیسماعیل هەبێ، من وەکوو مردبم وایە. هەروەها وەسیەت ئەکا کە هەموو موڵکەکانی کوردستانی بۆ شێخ مەحموود ساحێبی برای بن)[3] دوای ئەوەی بە هۆی نەخۆشی تاعوونەوە بەشی زۆری خەلیفەکانی مەولانا وەفات دەکەن، (لە سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی عوسمانیدا ڕێ و شوێنی کاری ئیرشاد و دەرسوتنەوەی عولوومی دینی ئەگۆڕێ و فەرمانی سوڵتانی دەرئەچێ کە شێخ مەحموود ساحێب ببێ بە مورشیدی تەکیەی خالیدییە لە شام و ئەو جێگەکەی شێخ عەبدولفەتتاح ئەگرێتەوە)[4].

مەحموود ساحێب برای هەرە بچووکی مەولانا بووە، سەبارەت بە دەسپێکی ژیانی، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس پێی وابووە ناوبراو دەسپێکی ژیانی لە کوردستان بووە، چونکە (مەولانا تا سەفەری یەکەمیشی لە سولەیمانییەوە بۆ بەغدا بە ماڵەوە، دایکیشی لە ژیانا بووە و دوو برای بووە گەورەکەیان ناوی حەمەخان (موحەممەد خان) بووە و بچووکەکەیان ناوی "مەحموود" بووە کە مەشهوورە بە "مەحموود ساحێب"، ئەم برا بچووکەیان تەریقەتی لەسەر دەستی مەولانا وەرگرتووە و سولووکی لا کردووە و بووە بە خەلیفەی و یەکێکیش بووە لە خەلیفە بەهرەدارەکانی.[5]

لەبارەی مەحموود ساحێبەوە چەند بەڵگەیەکی بابەت جیاواز هەن، دەکرێت لە ڕوانگەی جۆراوجۆری بابەتەکانەوە پۆلێنیان بکەین:

**2-1-1:** ئەو زانیارییانەی سەرەوە کە باسیان لەوە دەکرد مەولانا ماوەیەك لە حیجاز ماوەتەوە، بەڵگەنامەکان پشتڕاستی دەکەنەوە، دیارە لە مەککەش بڕێك ئازووقەی بۆ تەرخانکراوە و کە دەگەڕێتەوە مەملەکەتیش دەوڵەت هاوکاری ناوبراو دەکات و بە کەسێکی ئەهلی کەرامەت و ڕێزلێگیراو هەروەها خاوەن موریدێکی زۆر ناوی دەنێت:

*حەزرەتی مەزن و بەهیممەت و رەوشت جوان و بەرەحم و پایەدار*[6]

*بڕی 250 قرووش مووچە و چوار خرار گەنم بۆ شێخ ساحیب ئەفەندی برای حەزرەتی مەولاناخالید (قدس سره الواحد کە لە شامێ ئەسپەردەی خاك کراوە) تەرخانکرابوو. لەگەڵ ئەمانەدا 5 باتمان (هەر باتمانێك هەشت کیلۆیە) ڕۆنی سادە، پازدە باتمان گۆشتی مەڕ، برنج، ڕۆنی زەیتوون، نیسك و چوار باتمان سابوون، پەنجا باتمان ڕەژوو و سێ باتمان سووتەمەنی، کە پێشتر لە مەککە دەماوە و پاشان کە هاتە شامێ بۆی تەرخانکرابوو. شێخی ناوبراو خاوەن مەسرەفێکی زۆرە و موریدەکانی زۆرن و ئەو مووچە و گەنمەی باسکرا بەشی ئەو ناکات و بەو هۆیەوە تووشی تەنگاسی و گوزەران خراپی دەبێت. ناوبراو لەبەرئەوەی شایستەی چاکەلەگەڵکردنی ئێوەی مەزنە، ئەو هەشت خاڵانەی باسکران با وەك جاران لە ئێستاوە بۆی تەرخان بکرێت و ئەمەش بە نووسین*

---

[2] مولانا خالد النقشبندی ومنهجه فی التصوف، الدکتور جواد فقی علی الجوم حیدری، دار الکتب العلمیة، بیروت، بدون سنة الطبع، ص 34

[3] یادی مەردان (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)، مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1979، ل 54

[4] یادی مەردان، سەرچاوەی پێشوو ل 56

[5] یادی مەردان، ل 57

[6] I_DH_00079_003935_001_001

*بۆی بنێردرێت. لەبارەی دانی ئەو شتانە، ئەو ڕەوشە وەك پەراوێزێك بۆی بنێردرێت. بۆ دانی ئەو شتانەش دەبێ بەڵگە (سەنەد)ی دەوڵەتی لەدەست دابێ، بەڵام چونکە هیچ بەڵگەیەکی لەدەست دا نییە هاوپێچ لەگەڵ ئەو شتانەی باسکران بیدرێنێ. ئەو کەسە لەو زاتانەیە کە ئەهلی حاڵن (خاوەن کەڕامەت) و بە دوعایەکانی بەرەکەت دروست دەبێ و لەو زاتانەیە کە دەبێتە دوعاگۆی ئەشرەفی ملوکانە(پادشا)، ئەو شتانەی کە باسی ئەوان بوون بیدرێتێ*[7].

**2-1-2:** ئەو مووچەیەی کە بۆ مەحوود ساحێب تەرخانکراوە، دیارە بە گوێرەی بەڵگەنامەکان بەشی زۆری بۆ خانەقا و سۆفی وموریدان و نەدارانی تەرخانکردووە و ئەنجومەنی دادگا پەسنی ناوبراو دەدات و داوا لە وەزارەتی دارایی دەکەن مووچەکەی نەبڕدرێت:

*وەزیری دارایی*[8]

*نووسراوی ئەنجومەنی ژمێریاری دارایی کە بە نووسراوی پادشای بەڕێزەوە بۆ ئەنجومەنی مەزن نێردراوە، وەها دەڵێت: شێخ محەمەد ساحێب ئەفەندیی برای حەزرەتی مەولاناخالید (قدس سره الواحد کە لە شامێ ئەسپەردەی خاك کراوە) لەبەر نەداری و گوزەران خراپی، لە گەنجینەی شامی شەریف و والیی مەزن بڕی 650 قرووش مووچەی بۆ تەرخان کردبوو، لە ئێستاوە بۆ لەمەودوا لەلایەن گەنجینەی شامی شەریفەوە بدرێت. پێش ئێستا لە هەرێمی ئەوەوە دەستوور درابوو و لەو بوارەشدا بە پێی فەرماننامەی سەدارەت، ناوبراو ئەو دوو مۆرەی کە پێیان دابوو ناردوویە. ئەو بڕە مووچەیەی کە باسی لێوەکرا، تێیدا 250 قرووشی لە ساڵی 57دا لە گەنجینەی شامی شەریف و 400قڕووشیش لە ساڵی 59 دا ڕەوان کراوە. ئەو مووچەیەیی والیی شامێ پێشتر خوالێخووشبوو عەلی پاشا تەرخانی کردبوو.*

*ئەیالەتی ناوبراو، دوای ئەوەی کەوتە ناو تەنزیماتەوە*[9] *بۆ ئەوەی ئەو پشێوی و کەس بە کەس نەبوونە نەمێنێ، مووچە نادرێ. یانیش شیخی ناوبراو بە گوێرەی ئەوەی لە نووسینەکە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، کە گوزەرانی خراپە و ئەویش زانایەکی خاوەن وەجد و حاڵە، لەبەر هەندێ شایستەی چاکەلەگەڵ کردنە. ئەو موچەیەی کە باسی لێوەکرا، وەك هاوشێوەکانی لە هاتنی بۆ هەرێمی وی، مانگ بە مانگ بیدرێتێ. یەك لەم دوو خاڵانە کامەیان جێی ڕەزامەندیی ئیرادەی پادشایی بێ دەبێ، بەو شێوەیە ئێمە تکا دەکەین.*

*لە نووسراوەکەدا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە، شێخی ناوبراو برای حەزرەتی مەولاناخالید (قدس سره الواحد)ە و بەخۆیشی لەو زانایانەیە کە گومانی باشی پێ دەبردرێت. دەرهەق زاتی وەك ئەمانە، موساعەدەی سەنییەی حەزرەتی شەهەنشاهی (پادشا) کە شایستەی ئەوانە، ئەو مووچەیەی کە دەیدرێتێ، چەندەی لەسەر ناوی ئەویش بێ، بەو پێیەی لێی ڕیوایەت دەکەن، لە نەدار و دەروێشی خانەقا سەرف دەکرێت. بڕینی ئەو مووچەیە دەبێتە هۆی گوزەران خراپی نەدار و دەروێشان و دڵشکانیان. ئەوەش ڕاستییەکەی دەرهەقیان کارێکی ناڕەوایە. ئەو بڕە پارەیە بۆ جەنابی سەنییەی مەکانەتی حەزرەتی شاهانە دەبێتە دوعای بەخێر و سەدەقەی سەری شەوکەت ئەفسەری حەزرەتی ملوکانە (پادشا)، ئەو پارەیەی باسکرا 650 قڕووش وەك لە مەزبەتەی ناوبراو باسکرا، خاڵی دووەم قبوڵ بکرێت و بۆ ئەفەندیی ناوبراو مانگ بە مانگ لە هاتنی مووچە بۆ هەرێمەکەیان، بیدەنێ. هەروەها ئەو دەستوورنامە (بەرات)ی کە پێویستە بینێرین و تا گەنجینەش ئەوە جێبەجێ بکات، ئەوا ئێمە بۆ گەنجینەی ڕەوان دەکەین. ئێمە ئەو ئەمرە بۆ وەزارەتی ناوبراو دەنێرین، ئەمەش لە ئەنجومەنی مەزنەوە قبوڵ کراوە کە ئێوەش پێی ئاگادارن. ئەمر و فەرمانی حەزرەتی (من لە الامر)ە.*

*لە 15ی زولقەعیدەی ساڵی 1262ی کۆچی*

*لە 4ی کانونی یەکەمی ساڵی 1846ی ڕۆمی*

*مۆر: ئەنجومەنی دادگا*

---

[7] سوپاس بۆ بەڕێز (Nurettin ERTEKİN) کە لە وەرگێڕانی بەڵگەنامەکان هاوکار بوو.

[8] I_MVL_00078_001507_001_001

[9] دوای ئەوەی کە فەرمانی تەنزیمات خوێنرایەوە-ئەم مێژووە لە دیرۆکی عوسمانییەکان گرنگە- بە پێی ئەو تەنزیماتە دەبێ دەوڵەت لە نوێوە دابمەزرێتەوە.

**2-1-3:** باسکردنی هەندێ لەو موڵك و زەوییانەی کە لەبن سەرپەرشتی خانەقای مەولاناخالید بوون لە شاری سلێمانی و بەغدا، دیارە کێشە و گرفتییان بۆ ئەو ئاش و بیر و موڵکانە دروست کردووە کە لە چەند گوندێکی نزیك سلێمانی بوون، پێشتریش خودی مەولانا خالید ئاگاداری ئەم موڵکانە بووە و دوای مردنی مەولاناش مەحموود ساحێب داوای لە ئەیالەتی بەغدا کردووە کە ئەو گرفتانە چارەسەر بکات:

*بۆ والیی بەغدا[10]*

*ئەو کاتەی حەزرەتی مەولانا خالید لە ژیاندا بوو و لە ئیالەتی بەغدا و لە سلیمانییێ لە خانەقادا (لەو شوێنەی کە بۆ ڕەزامەندی خودایە و ئەو شوێنەیە کە تا مێوان نەکەونە بەر منەت و تێیدا دەروێش و هەژار و فەقێ تێیدا دەخەون و خواردن دەخۆن و) و خەلیفایەتی و ئیرشادی تێدا دەکرد، بۆ خەرجیی ئەو خانەقایە گوندەکانی کەدان، دارکۆ، کرالی و حالە، لە چەمی کورەکچییان دوو، لە ناو چەمی کرالیدا دوو، بەگشتی چوار ئاش، لە خوار شاری سلێمانیش وێڕای زەوییەك بیرێکیش و لە هەرێمی خەراجییانیش وێرای زەوییەکە بیرێکیش و ئەوانە هەموویان لە تەرەفی خانەقاوە ئیدارەدەکران. دواتر لەلایەن هەندێك کەسەوە گرفت و ئاستەنگی بۆ ئەو ئیش و کارانە هاتنەپێش، بۆیە بۆ لابردنی ئەو گرفت وئەو ئاستەنگییانە نووسراویش بۆ خوالێخۆشبوو نەجیب پاشا ڕەوانکرابوو، بەڵام پێویستییەکانی ئەو نوسراوە و ئەمر و فەرمانی مەزن جێبەجێ نەکران. مەحموود ساحێب ئەفەندی برای مەولانا خالیدیش عەرزوحاڵێکی دابووە مەقامی پادشایی بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگییانە نەمێنن و وەك جاران ئەو موڵکانە بکەونەوە بن دەستی خانەقا و داهاتەکانیان بۆ خانەقا بچێتەوە کە پێشتر بۆ خانەقا تەرخانکرابوون. ئەم عەرز و حاڵەش بە دەست پێشکەشی وەزارەتی دارایی کراوە. لەو سۆنگەوە لە هەرێمی مەحمود ساحێب ئەفەندییەوە تا ئیستا هیچ نوسراوێك بۆ ئێمە نەهاتووە، حەقیقەتی ئەو بابەتە چییە، هێشتا ئێمە هیچی لێ نازانین، بۆیە بۆ ئەوەی پێویستییەکانی ئەم عەرزو حاڵە جێبەجێ بکرێت، لە هەرێمی خاوەن ئەو عەرزو حاڵەوە و لەلایەن شەریعەتی شەریف و ئەنجومەنەوە لێکۆڵینەوە بکرێت و بە مەزبەتەیەك ڕاستیی بابەتەکە بۆ ئێمە شرۆڤە بکرێت و بنێردرێت. وەزیری داراییش ئەمەی ڕاگەیاندووە و بە نوسراوێك روونی کردۆتەوە، لەبەرئەوە دەرحەق ئەمە بەم شێوە دەست و برد و جێبەجێ کردن پێویستییە.*

**2-1-4:** مەحموود ساحێب لە شام گرفتی بۆ دروست دەکرێت و ئازار دەدرێت، دەگاتە ئەو ڕادەیەی کەوا لە خانەقا دەریبکەن، وێڕای ئەوەش دزی لێدەکەن و دواتر بە شاهیدی دانی بە درۆ مافەکەی لێ زەوت دەکەن و ناهێڵن مافی خۆی وەربگرێت، لەبەرئەوە نووسراو بۆ ویلایەتی شام دەنێردرێت و داوای ئەوەی لێ دەکرێت کە ناوبراو بگەڕێندرێتەوە سەر خانەقاکەی و پەسن و ستایشێکی زۆر دەکرێت و نیگەرانبوونی ئەو بە نیگەرانبوونی خەلیفە و خەلافەت دادەنێن:

**بۆ حەزرەتی والیی شامی شەریف[11]**

*خانەقای خالیدییە کە لە ئەسەری بەهەشتی حەزرەتی سوڵتان سلێمان خانە و لە شامی شەریفەیە، شێخ ساحێب ئەفەندی کە هەم جێنشین و خەلیفەی ئەو خانەقایەیە و هەم برای حەزرەتی مەولانا خالیدە و لە خانەقا دەرکراوە و لە جێی ویدا یەکێکی دیکەیان دامەزراندووە. لە هەندێك لە ژوورەکانی خانەقادا کەرەستەی سەربازی داندراوە، پێش ئێستا هەندێك پارەی ئەو (شیخ ساحێب) دزرابوو، لەسەر ئەو دزییە هەر وەك ئاشکرایە مافەکەی دیارە، بەڵام لەلایەن دوژمنەکانییەوە بە شاهێدیدانی بەدرۆ مافەکەی ون کرا و سەرەڕای ئەوە ڕقیشیان لێ هەڵگرتووە. جا بۆ ڕاییکردنی پێویستییەکانی، عەرزو حاڵ نێردراوە. ناوبراو لە مەشایخانی مەزنی تەریقەتی نەقشبەندییە، ئەسحابی قلووبە و بەتایبەتیش برای دایبابی کەسێکی وەك مەولانا خالیدی قەدر بڵندە. بە لادانی ئەو لەو خانەقایەدا، کە دەرحەقیشی بێڕێزی و بێفەرمانی کراوە. مافی بەرچاوی بە شاهیدانی درۆزن لێسەندراوەتەوە، ئەوەش بە دڵنیایی کارێکی ناشایستەیە. ئەو پەیوەستی و رابیتە باشەی و بە نەسەبێکی دروست و بە زاتێکی وەك مەولانا خالید کە سەرۆکی ویلایەتییە پەیوەندیدارە. ئەو ڕووداوە کە بۆتە هۆی دڵشکانی ئەو زاتە بێگومان جێی ڕەزامەندیی پادشا نییە. لەسەر ڕێبازی نرخدانان و بە پێی پێویستی کار و خەباتی دەوڵەت دەرحەق ناوبراو، لیژنەیەکی بەحورمەت و بەڕێز پێك بهێنن، ئەو خانەقایە وەك پێشووتر ڕادەستی ناوبراو بکەنەوە. ئەو پارانەشی*

---

[10] A_}MKT_MHM__00031_00025_001_001
[11] A_}MKT_UM___00378_00021_001_001

*کەوا دزراون دیاربکەن و بۆ ئەوەی شکانی دڵی ئەو چاك بکرێتەوە و دڵخۆش بکرێتەوە دەبێ وەسیلەی تەواو بگرنەبەر. دەربارەی جێبەجێکردنی ئەو کارانەش مەزبەتەیەك بنێرن بۆ ئەوەی خانەقا وەك جاران بتوانێت وەزیفەی خۆی ببینێت و بۆ حەواندنەوەی نەدار و دەروێشانیش دەست و بردێکی بکەن. لەو بوارەشدا نووسراو (شوققە).*

**2-1-5:** دابینکردنی چوار خرار گەنم لە ساڵێکدا و مووچەی مەحموود ساحێب لە شام:

*حەزرەتی مەزن و بەهیممەت و رەوشت جوان و بەرەحم و پایەدار*[12]

*ساحێب ئەفەندی برای مەولانا خالید ئەفەندی کە لە گەورە مەشایخانە و لە شامێ ئەسپەدرەی خاك کراوە، ئەو زاتە ئێستا لە شامێ دادەنیشێت و لە گەنجینەی ئەوێدا 250 قرووش مووچەی بۆ تەرخانکرابوو، ئەو مووچەیە بەشی ئەو ناکات. ناوبراو لەو کەسانەیە کە خاوەن فەزڵن و بە دوعای مرۆڤ خەڵك بەرەکەتدار دەبن و دوعاگۆی سەڵتەنەت (پادشا)یە. بۆ هەندێك کەسی هاوشێوەی ناوبراو، ساڵانە لە عەنباری زەخیرەی ئەو دەڤەرەوە بڕێك گەنمیان دەدرێتێ. لەو سۆنگەیەوە بۆ ئەوەی ببێتە سەدەقەی سەری شەوکەتی شاهانە (پاشا) بۆ کەسی ناوبراویش لە عەنبارێ شامێ ساڵێ چوار خرار گەنمی بۆ ببڕێتەوە و بۆی تەرخان بکرێت. هەروەها مووچەیەکیش کە باسکرا کە پادشا فەرمان بکات و ئەو فەرمانەش وەك نووسراوێکی بچووك بە ئێمە ڕابگەیەنێت، پێشتریش نەجیب ئەفەندیی بە بەزمیی والیی بەغدا نووسراو ناردبوو، کە بۆ ناوبراو ئەو مووچەیەی کە تەرخانکراوە بڕیاری بۆ دراوە کە وەك پێشووتر بدرێت و لە پەراوێزی نووسراوەکەشدا بە ڕوونی لێی دەفامرێتەوە کە ناوبراو لەبەرئەوەی شایانی چاکەلەگەڵکردنی پادشا بووە، وەك ئەوەی ئێوە گوتوتانە دامەزراندن و تەرخانکردنی چوار خرار گەنم لە ساڵێك و بۆ مووچەکەش باسکراوە، بۆیە نووسراوێك لە فەرمانی پادشاوە بنووسرێتەوە و بنێردرێت.*

**2-1-6: پیرۆزباییینامەی مەحموود ساحێب بۆ سەدری ئەعزەم**

ئەم نامەیەی مەحموود ساحێب مێژووی 1269/1/15ی کۆچی (بەرامبەر 1852/10/29ی میلادی) لەسەر نووسراوە، تێیدا بە زمانێکی پەخشانئامێزی پڕ لە ڕەوانبێژیی و بە زمانی تورکی بە بۆنەی هاتنە سەر کاری سەدری ئەعزەمی تازە، پیرۆزباییینامەیەك لە جیاتی خۆی و ساداتی نەقشبەندی و پیرانی تەریقەتەکە ڕادەگەیەنێت، تێیدا ئەوە نیشان دەدات کە ئەو بەندە بێدەسەڵاتە شەو و ڕۆژ بەردەوام دوعای دەوامی دەوڵەت دەکات و لە کاتی گەڕانەوەی لەگەڵ موریدانی بۆ شامی شەریف هەواڵی هاتنە سەر کاری سەدری ئەعزەم دەبیستێت، لەگەڵ هاوەڵانی زۆر کەیفخۆش بوونە و هیوای سەرکوتنیان بۆ خواستووە. لە کۆتایی پیرۆزباییینامەکەشیدا خۆی بە (مەحموود ساحێب خالیدی نەقشبەندی پۆستنشینی خانەقای سوڵتان سلێمان لە شامی شەریف) ناساندووە[13].

**2-1-7 بەرهەمێکی مەحموود ساحێب ئەفەندی:**

لە کتێبی (وسیلە-سادات سلسلەء نقشبندیەنك احوال تاریخیە وشمائل شریفەسنی متضمندر) ی (محمد لەتیف ئەربیللی) یە و لە ناسنامەی کتێبەکەدا لە کتێبخانەی زانکۆی ئەتاتورکی ئەرزەڕۆم نووسەرەکەی بە ناوی خلوصی زادە شێخ عەبدولقادر نووسراوە، کتێبەکە بە تورکی نووسراوە وەها باسی مەحمود ساحێب کراوە، کە برای مەولانا خالیدە و واریسی ئەحوال و مەحرەمی ئەسراری ئەوە، خاوەنی عیلم و عیرفان و فەزڵێکی زۆرە و کتێبێکی هەیە بە ناوی (نور الهدایة والعرفان)[14]. بەڵام تا ئێستا ئەو کتێبەمان دەست نەکەوتووە.

---

[12] I_DH_00064_003197_001_001

[13] A.}TŞF. 00014.00030.001

[14] وسیلە-سادات سلسلەء نقشبندیەنك احوال تاریخیە وشمائل شریفەسنی متضمندر، خلوصی زادە شیخ عبدالقادر، سلانیك مطبعەسی، 1891، ص 88.

### 3-برازای مەولانا

#### 3-1- ئەسعەد صاحێب

تا ئێستا زانیارییەکی تەواو و ورد لەسەر ژیانی شێخ ئەسعەد ساحیب دەستنەکەوتووە، بەڵام ئەوەی زانراوە ئەوەیە (ئەسعەد کوڕی مەحمود ساحێب سۆفییەکی بە ڕەسەن کورد، بنەچەکەی لە شارەزوورەوە بۆ دیمەشق هاتووە و هەر لەوێ لەدایك بووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە.) [15] ئەم زاتە هەروەك خۆی لە پێشەکی کتێبەکەی باسی دەکات برازای مەولانا خالیدە:

(محەمەد ئەسعەد لە ساڵی 1271ك-1855ی میلادی لەدایك بووە. لای باوکی و چەند شێخێك تەریقەی نەقشبەندی وەرگرتووە، لەوانە: ئەحمەد سمین بەغدادی، عەلی ڕەزا خەرپووتی، ئەبوبەکر ئەربیلی، عیسا کوردی، ئەحمەد خالیدی زەملکانی کە چل ڕۆژ لای ئەو خەلوەی کردووە. ناوبراو سەرپەرشتی ختمی خواجەگانی لە تەکیەی سوڵتان سلێمان خان لە دیمەشق کردووە، ناوبراو لە ساڵی 1347ك-1928ی میلادی لە دیمەشق وەفاتیی کردووە و ئەم بەرهەمانەی بەجێ هێشتووە:

-الجواهر المكنونة الانيقة فى آداب الذكر والطريقة

-نور الهداية والعرفان فى سر الرابطة والتوحد وختم الخواجكان

-الفيوضات الخالدية نسبة الى عمه الشيخ خالد ذى الجناحين

-بغية الواجد فى مكتوبات مولانا خالد.)[16]

#### 3-1-1 یارمەتی عەتییەی سەنییە بۆ ئەسعەد ساحێب

لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 9ی شەعبانی ساڵی 1301ی کۆچی (بەرامبەر 1884/6/4ی میلادی) لەسەر نووسراوە، تێیدا لە نووسراوێکی ڕەسمیی مابەینی هومایۆندا یارمەتیی سەنییەیان بۆ هەر یەك لە شێخ مەحموودی ابو الشامات ی شێخی تەریقەتی شازلی و ئەسعەد ساحێب خالیدی برازای مەولانا خالید بە شیاو زانیوە و بۆ یەکەمیان بڕی 1200 قڕووش و بۆ دووەمیان 300 قڕووش تەرخان کردووە[17].

#### 3-1-2 کتێبەکەی ئەسعەد ساحێب بە دیاری بۆ خەلیفە دەنێردرێت

کتێبی (**بغية الواجد فى مكتوبات مولانا خالد**) کە ژمارەیەك نامەی مەولانای تێدا کۆکراوەتەوە و ئەسعەد ساحێب لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە و ساغی کردۆتەوە، دوای ئەوەی ئەم بەرهەمەی ناوبراو چاپ دەبێت، ئەسعەد ساحێب نامەیەك بۆ خەلیفە دەنێرێت و چەند شتێکی تێدا باس دەکات، گرنگترینیان:

-دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێ کە سەرۆك وەزیر گەیشتۆتە مەقامی سەدارەت و پێی وایە دڵخۆشییەکەی ئەوەندە زۆرە ناتوانێ دەریببڕێت و بینووسێت.

-ناوبراو باسی ئەوە دەکات کە پێش ماوەیەك تووشی نەخۆشی تا و حەمەماڵتا بووە و نەخۆشییەکە بڕستی لێ بڕیبوو و خستبوویە ناو جێگا، بەڵام هەر بەوەوە نەوەستاوە و بە دڵسۆزییەوە دوعای بۆ سەرۆك وەزیر کردووە و پێی وایە ئەو کات نەیتوانیوە پیرۆزبایی بنێرێ و ئێستا وەك قەرزێك پێویستە پیرۆزبایینامەکە بنێرێ.

-دەیەوێت بۆ سەرۆك وەزیری ڕوون بکاتەوە کە ئەو بە شەو و بە ڕۆژ خەریکی ڕێکخستنی نامەکانی مەولاناخالید بووە بەتایبەتی بەشە عەرەبییەکەی و هەروەها زیادکردنی پەراوێزەکان، بۆیە دوو دانەی لەو کتێبە بۆ ناوبراو ناردووە و داوای لێدەکات یەکێکیان بۆ مەقامی خەلیفە و ئەویتریشیان بۆ کتێبخانەی گشتی بارەگای ئیخلاسی دەوڵەتی بنێرێت تا لەوێ تۆماربکرێت.

---

[15] مكتوبات حضرة مولانا خالد المسمى بغية الواجد، محمد اسعد صاحب زاده العثمانى النقشبندى، مكتبة سيدا، دياربكر بدون سنة الطبع، ص 6

[16] الطريقة النقشبندية واعلامها، الدكتور محمد احمد درنيقة، دار جروس برس، بدون سنة الطبع ومكانه، ص 126

[17] İ..DH.00919

-ئەسعەد ساحێب لە نامەکەدا دەڵێت من چاوەڕوانی ئێوەم هەر ڕەخنەیەکتان هەبێت.

-نامەکە لە شامی شەریفەوە نووسراوە و مێژووی 11ی نیسانی ساڵی 1333ی کۆچی بەسەرەوەیە کە دەکاتە 11ی نیسانی ساڵی 1917ی میلادی.

نامەکە لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە بۆ سەرۆك وەزیر نێردراوە.

ئەم نامەیە دوای ئەوەی دەگاتە مەقامی سەدارەت، مەقامی سەدارەت دوای مانگێك لە 12ی مایسی ساڵی 1333 [18]و بە ژمارەی 135/3894 داوا لە والی سووریا دەکات بەڵام بە ڕێگەی نووسینگەی وەزارەتی ناوخۆوە و لە لەلایەن تەڵعەت پاشای وەزیری کاروباری ناوخۆوە بۆ تەحسین بەگی والیی سووریە هەواڵ دەنێردرێت کە " ئەو نامەیەی کە بە ئیمزای ئەسعەد ساحێبی برازای حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی بوو، بۆ ئێوەمان نارد، داواتان لێ دەکەین دەرحەق ئەم کەسە ئاگاهی و زانیاریی تەواومان بۆ بنێرن."

والی سووریاش دوای زیاتر لە بیست ڕۆژ لە 15ی شەعبانی ساڵی 1335 و 5ی حوزەیرانی 1333 بەرامبەر 5ی حوزەیرانی ساڵی 1917 بەم شێوەیەی خوارەوە باسی ناوبراویان بۆ دەنێرێت:

"ئەسعەد ساحێب ئەفەندی برازا و خەلیفەی حەزرەتی مەولانا خالیدە ، ئەو زاتە کەسێکی بە عیلم و فەزڵە و لە وڵاتدا شکۆ و ئیعتیباری هەیە، ئەخلاقێکی گەورە و هەمیشە ڕاستگۆی هەیە و پشتیوانی حکومەتیشە. لە داواکارییەکەی پێشووی ئێوەوە، کە باسی کتێبێ دەکات، لەو کتێبە نوسخەیەکی بۆ مەقامی مەشیخەتی شەیخولئیسلام ناردووە و بۆ ئەو مەبەستەش گەیشتە پایەی حەرەمەینی موحتەرەمەین. لەبەرئەوەی ناوبراو فەقیرە، پاداشتێکی نەقدی (خەڵاتێکی پارە)ی بۆ دابنرێت، تا ئەوە ببێتە هۆکاری دوعای خێر. لە هەر حاڵدا ئەمر و فەرمانی ئێوەیە."

لە وەڵامەکەی تەحسین پاشای والی سووریا ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە کتێبەکە پێشتر بۆ شەیخولئیسلام نێردراوە و داوای بڕە پارەیەکیش دەکات وەك خەڵات بۆ ئەسعەد ساحێب تا لە دوعای خێر بێبەشیان نەکات. سەرنجەکە ئەوەیە ئەسعەد خۆی لە نووسراوە ئیمزاکراوەکەدا ئەو داوایەی نەکردووە، بۆیە بۆی هەیە زۆر جاران والییەکان لە جیاتی کەسە ناودارەکانەوە و بە ناوی ئەوانەوە داوای پارە و پوول بۆ خۆیان بکەن.

### 3-1-3 ئەسعەد ساحێب دەیەوێ بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی

دیارە لە یەکێك لە سەفەرەکانی ئەسعەد ساحێب بۆ ئەستەنبوڵ، دەیەوێت بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، بۆ ئەو مەبەستە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە داوا دەکرێت کە خەرجیی چوونەوەی بۆ دابین بکرێت، تێیدا شەش هەزار قڕووشی لە وەزارەتی دارایی بۆ دەرچووە:

زەبتنامەی تایبەتی نوسراوی ئەنجومەنی نوێنەران[19]/ 98

ساحێب زادە محەمەد ئەسعەد ئەفەندی کە برازا و خەلیفەی حەزرەتی مەولاناخالیدە دەگەڕێتەوە شامێ، جا بۆ ئەوەی خەرجی ڕێگا وەربگرێت، لەو خەرجییەی حیسابکراوە 6 هەزار قڕووش و ناردنی ئەو بڕیارە بۆ وەزارەتی دارایی بڕیاری لەسەردراوە.

ئیمزا یوسف، عەبدولرەحمان، عارف حیکمەت، مەحموود، محەمەد رەفعەت.

### 4-1-3 چاپی دیوانەکەی مەولاناخالید

وەك زانراوە مەولانا خالید تا لە ژیاندا بوو، دیوانەکەی خۆی بە چاپکراوی نەدیوە، دوای مردنەکەی هەوڵدراوە بەشیك لە بەرهەمەکانی چاپ بکرێن، یەکێکیش لەو بەرهەمانە دیوانە شیعرییەکەی بووە کە زیاتر شیعرەکانی بە فارسی نووسراون، بۆ ئەو مەبەستە داواکاریی پێشکەش کراوە، هەر وەك لە فەرمانەکەدا هاتووە

[18] کە دەکاتە 12ی مایسی ساڵی 1917ی میلادی

[19] MV__00214_00049_001_001

داوای چاپکردنی 1200 دانە لە دیوانەکە دەکرێت، نووسراوەکەش لە مەجلیسی ڤالاوە بەرزدەکریتەوە، بەڵام بە تەواوی نازانرێت بۆ سەرۆك وەزیرە یان بۆ کەسایەتییەکی تر نێردراوە و تێیدا ئاماژە بەوە دەدات کە بۆ هەر دانەیەك پێنج قرووشی خەرجی دەوێت و داوای ڕەزامەندی نواندن دەکات:

حەزرەتی مەزن و بەهیممەت و رەوشت جوان و بەرەحم و پایەدار[20]

حەزرەتی مەولاناخالید (قدس سره الواحد کە لە شامێ ئەسپەردەی خاك کراوە) و لە گەورەکانی تەریقەتی بەرزی نەقشبەندییە، بۆ چاپکردنی بەرهەمێکی بە ناوی (دیوانی بەلاغەت) وەك 1200 دانە، بۆ بەرگکردنیان و چاپکردنێکی نموونەیی گرێبەستێك بە پێنج قرووش کراوە. دیوانی ناوبراو هەر دانەیەکی بە خەمڵاندن پێنج قرووشی خەرجی دەبێت و بەم شێوەیە بڕیاری لەسەر دراوە. بەو شێوەیە جێبەجێکردنی ئەم کارە کەوتۆتە ناو بەرنامەی تەقویمی وەزارەت و وەك راپۆرتێك دەستوورەکەیان داواکردووە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە پێویستمان بە دەستووری ئێوە هەیە.

### 5-1-3 چەند کتێبێکی تری ئەسعەد ساحێب:

1- بغیة الواجد فی مکتوبات حضرت مولانا خالد:

ئەم کتێبە لە باسی مەکتووباتەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە و تێیدا وێڕای باسکردنی تەریقەت و زنجیرەکەی و ئاداب و سیماکانی بەدرێژی، زیاتر لە سەد نامەی مەولاناشی لە خۆ گرتووە و پاشان چەند ئامۆژگارییەك و هەروەها بۆچوونی مەلا یەحیای مزووری لە کێشەی نێوان مەولانا و شێخ مارفی نۆدەیی لەخۆگرتووە، لەگەڵ چەند بابەتێکی تر. وا دیارە لە سەردەمی سوڵتان محەمەد ڕەشادەوە ئەم کتێبە نووسراوە، بۆیە لە کۆتاییدا پێشکەشی ناوبراو کراوە. کتێبەکە 320 لاپەڕەیە و ساڵی 1334ی کۆچی لە چاپخانەی الترقی لە دیمەشق چاپ کراوە. نوسخەی کتێبەکە لە کتێبخانەی شارەوانی گەورەی ئەستەنبوڵ بە ژمارە 0346 پارێزراوە.

2- الفیوضات الخالدیة والمناقب الصاحبیة

ئەم کتێبە ساڵی 1307ی کۆچی نووسراوە و لە ساڵی 1311 لە میسر چاپ کراوە.

3- نور الهدایة والعرفان في سر الربط والتوجه وختم الخواجکان

ئەم کتێبەش لە ساڵی 1305 نووسراوە و لە 1311 لە میسر چاپ کراوە.

لە دەستخەتێکیشدا کە کتێبی (العقد الجوهری فی الفرق بین کسبی الماتریدی والاشعری) ی مەولانا خالیی نەقشبەندی، شەش لاپەڕەی دەسپێك هی محەمەد ئەسعەدی کوری شێخ مەحموود صاحب نەقشبەندییە. کە وێڕای پێشەکییەکە لە سووچی چەند لاپەڕەیەکیشی سەرنجی خۆی نووسیون.[21]

### 4- لەبارەی خێزانەکانی مەولاناوە

هەموو سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە مەولانا سێ ژنی هەبووە، تەنیا ریچ لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان، ئەوە نیشان دەدات کە چوار ژنی هەبووە: (ئەم بەیانییە شێخ خالیدی بەناوبانگ هەڵهات. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕاکردنەکەی لەناکاو و بەنهێنی بووە، بەڵام توانیبووی هەر چوار ژنەکەیشی لەگەڵ خۆی بەرێ.)[22] بەڵام تا ئێستا ئەمە نەسەلمێنراوە. سێ ژنەکانی مەولانا ئەمانەی خوارەوە بوون:

---

[20] I_DH_00083_004154_001_001

[21] بروانە دەستخەتی (*العقد الجوهری فی الفرق بین کسبی الماتریدی والاشعری*) لە کتێبخانەی مجلس شورای ملی، ژمارە 12386.

[22] *گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان 1820*، کلۆدیوس جەیمس ریچ، وەرگێرانی محەمەد حەمە باقی، چاپی چوارەم، دەزگای موکریانی، دهۆك 2012، ل 299.

ژنێکیان کە خزمی خۆی بوو کەریمە یوسف ئاغای میکایەلی بە ماوەیەك دوای وەفاتی مەولانا کۆچی دوایی کردووە. ژنێکیان لە بەغدا بوو، لە سەفەری یەکەمی بۆ بەغدا دوای گەڕانەوەی لە هیند بۆتە ژنی لە ساڵی 1811ی میلادی. ژنێکی خەڵکی غەززەی فەلەستین بوو ناوی عائیشە بوو، دەکاتە خوشکی سەید ئیسماعیل غەززی خەلیفەی مەولانا، لەو کاتەی مەولانا لە بەغداوە دەگاتە دیمەشق لەوێ لە ساڵی 1822 دەبێتە ژنی.[23]

### 1-4 خاتوو عائیشەی خێزانی مەولانا

لەبارەی عائیشەخانمی خێزانی مەولاناوە، لە سەرچاوەکاندا بەو شێوەیە هاتووە کە ناوبراو "خەڵکی غەززەی فەلەستین بوو ناوی عائیشە بوو، دەکاتە خوشکی سەید ئیسماعیل غەززی خەلیفەی مەولانا، لەو کاتەی مەولانا لە بەغداوە دەگاتە دیمەشق لەوێ لە ساڵی 1822 دەبێتە ژنی[24].ئەوەی مەبەستە لێرەدا لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤخانەی عوسمانی لەبارەی عائیشەوە زانیاری دەدات، کە ئەم عائیشەیە لە شام ماوەتەوە و دوای مردنی مەولانا خۆی و دوو کچەکانی بە ناوەکانی "فاتیمە" و "سارا"ن لەگەڵ حەوت کەس لە خانەوادەکەیان، دیارە لە مانگی مایسی ساڵی 1853 کە (26) ساڵ دوای وەفاتی مەولانا، ئەو خانەوادەیە تووشی هەژاری و دەستکورتییەکی لە ڕادەبەدەر دەبن و بەو هۆیەوە ناچار دەبن کە داوای بڕینەوەی مووچەیەك لە وەزارەتی دارایی خەلافەتی عوسمانی بکەن، بەڵام مەرجی ئەوسای مووچەی ناو دەوڵەتی عوسمانی ئەوە بووە تا شوێنی مووچەی مووچەخۆرێك بەتاڵ نەبێت، ناتوانرێت مووچە بۆ کەسی دیکە دابین بکرێت، لەو بارەشدا خانەوادەی مەولانا زانیویانە کە زەینەب خانمی کچی خلوسی بەگی برای راغیب پاشا وەفاتی کردووە و شوێنی موچەکەی بە بەتاڵی ماوەتەوە، بەڵام بە گوێرەی یاسای عوسمانی گرفتێك لەو مووچەیەدا هەیە، بۆیە تەنیا پەنجا قڕووش هەیە بۆ ئەوەی بدرێتە ئەو خانەوادەیە، بەمەش بڕیاری ئەوە دەدرێت کە ئەو پەنجا قڕووشەیە بە یەکسانی لە نێوان عائیشەی دایك و فاتیمە و سارای کچدا دابەش بکرێت، بەڵام لیژنەکەی دارایی ئەمەشی پێ کەمە و داوا دەکات سەرنج بدەنە مووچەی واڵا هەر کاتێك مووچەیەك بە واڵایی مایەوە دەست و بردێك بکەن و خەمێك لە خانەوادەی مەولانا بخۆن.

*دارایی[25]*

*ئەو نووسراوەی کە لەلایەن داراییەوە بۆ ئەنجومەنی باڵا نێردراوە وەها دەڵێت کە: عائیشەی هاوسەری حەزرەتی مەولانا خالید(قدس سره الواحد) و فاتمە و سارا خانمی کچەکانی لەگەڵ حەفت کەس لە خانەوادەکەیان لە شامێ دەمێننەوە. لەبەرئەوەی ئەوانە دووچاری هەژاری بوونە، تەرخانکردنی مووچەیەکی گونجاو بۆیان، تا ببێتە پێویستی ئیرادەی پادشایی، لە هەرێمەکەیان ئەگەر مووچەیەك واڵا بوو ئەوا بیاندرێتێ. ئەمرنامەکەی ئێوە بە بەراتی مەزن کە گەیشتە دەستی ئێمە لەو کەسانەی کە لە شامی شەریفە دادەنیشن باسی ئەوە دەکات کە: بۆ زەینەب خانمی کچی خلوسی بەگی برای راغیب پاشای ڕەحمەتی، مانگانە خاوەنی 75 قڕووش و نەقشی خانمیش کە مانگانە خاوەنی 150 قڕووش بوو وەفاتیان کردووە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەمرنامەیە بۆ هەرێمێ نووسراو نێردراوە. ئەو مووچەیەیی کە نەقشی خانم وەریدەگرت لەبەرئەوەی تایبەت بوو و لە گەنجینەدا تۆماری نەبوو و ئەگەر بدرێتە کەسی تر ئەوا دژی سیستەمی دەوڵەتییە، دەبێت ئێمە ئەو مووچەیە نەخەینە بەرچاوی خۆمان. ئەو مووچەیەی کە زەینەب خاتوونیش وەریدەگرت کە 75 قرووشە، بەو پێیەی کە سیستەمی دەوڵەت ڕێگا دەدات لە 37.7 قڕووش هەتا 50 قڕووش دەبێ تەرخان بکرێت، بەو پێیە بێت:ئەو 150 قڕووش مووچەیەی باسکرا، تەرخانکردنی ئەو مووچەیە دژی سیستەمی دەوڵەتییە، ئەو مووچەیەش دەبێت لە گەنجینە بمێنێتەوە. ئەو 75 قڕووشەشی باسکرا، لەبەرئەوەی سیستەمی دەوڵەت ڕێ دەدا 50 قڕووشی هەر ئێستا لە نێوان عائیشە و فاتیمە و سارا خان دا بە یەکسانی دابەش بکرێت و با گەنجینەش جێبەجێی بکات. بەڵام مووچەی باسکراو زۆر شتێکی کەمە و ئەو کەسانەی شایستەی مەرحەمەتن بە خێری چاکەی حەزرەتی پادشاوە دەبێت زیادکردنێك کە بەشی ئەوان بکات جێبەجێ بێت. بۆ ئەم مەبەستەش زوو بە زوو لە مووچە واڵا بووەکان، چۆن هەر واڵا بوو لە هەرێمەوە نووسراوێك بۆ ئێمە بنێرن. ئەو ڕەوشەش لە ئەنجومەنی باڵا بۆ وەزارەتی ناوبراو نێردراوە. لەو بوارەشدا ئیرادەی سەدارەتیش دەستوور بدات و ئێمەش بە گوێرەی ئەو ئەمرەکە جێبەجێ بکەین. لەو حاڵەشدا ئەمر و فەرمانی حەزرەتی (من لە الامر)ە.*

[23] *مولانا خالد النقشبندی ومنهجه فی التصوف*، جواد فقی علی الجوم حیدری، ص 33.

[24] سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[25] İ_MVL_00262_009910_001_001

له شەعبانی ساڵی 1269ی کۆچی[26]

مۆر/ السيد محمد جەمالەددين، خەیروڵلا ئەفەندی نامیزاج. مۆر/ ئەحمەد شوکرو. مۆر/ مومتاز. مۆر/ السيد عەلی رەزا. مۆر/ شەکیب ئەفەندی لە لیژنەدا. مۆر/ محەمەد عارف. مۆر/ محەمەد ساڵح عەبد. مۆر/ مستەفا. مۆر/ السيد ابراهيم. مۆر/ السيد محمد نائیل، محەمەد ئەفەندی لە لیژنەکەدا.

## 2-4 ستیی خێزانی مەولانا

لەبارەی ئەم هاوسەرەی مەولانا چەند سەرنجێك هەن:

1-دکتۆر جەواد چۆم حەیدەری لە کتێبەکەی خۆیدا (مولانا خالد النقشبندی ومنهجه فی التصوف) گوتویەتی کە مەولانا چەند ژنێکی هێناوە و تێیدا تەنیا باسی سێ ژن دەکات، ئەگەرچی ریچ لە گەشتەکەی خۆیدا بۆ سلێمانی ئاماژە بەوە دەدات کە مەولانا چوار ژنەکەی لەگەڵ خۆی بردۆتە سلێمانی، ئەو سێ ژنەی باسکران تا ڕادەیەك لای مێرژوونووسان و توێژەران ناسراون، بەڵام ئەوەی لە بەڵگەکان ناوی هاتووە (ستی)یە و دایکی نەجمەددینە، بەمەش بۆ یەکەم جار ئاشکرا دەبێت کە ژنی یەکەمی مەولانا کوردە و ناوی ستی بووە. هەروەها ئەم ژنە دەبێت لەدایك بووی ساڵی 1780ی میلادی بووبێت، چونکە لەو کاتەی دەیەوێت سەردانی ئەستەنبوڵ بکات، لەبەر پیرییەکەی ناهێڵن بچێت و لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەوە دەکەن کە تەمەنی زیاتر لە 110 ساڵە، ئەو کاتەش ساڵی 1890 بووە. جا دەردەکەوێت کە ئەم ژنە هەمان ئەو ژنە نییە کە لە سەرچاوەکاندا باس دەکرێت (ژنێکیان کە خزمی خۆی بوو کەریمە یوسف ئاغای میکایەلی بە ماوەیەك دوای وەفاتی مەولانا کۆچی دوایی کردووە.)[27]. چونکە ستی خانم زیاتر لە شەست ساڵ دوای وەفاتی مەولانا هەر لە ژیاندا بووە. ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە ناوبراو دایکی نەجمەددینە و ژنی یەکەمی مەولانایە و کوڕەکان هەموویان لە ستینە.

لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: *ستی خانمی هاوسەری حەزرەتی مەولاناخالید کە لە شامێ ئەسپەردەی خاك کراوە، داوادەکات تەوێل و هەنیەی خۆی بخاتە بەر ئاستانەی ئێوەی پیرۆز و موعەللا و بەو شێوەیە بەندایەتی خۆی نیشان بدات و پێ ببێتە خاوەن شەرەف. داوادەکات خۆی بێتە ئەستەنبوڵێ. جا بۆ ئەو هاتنەی بۆ ئەستەنبوڵ بۆ ئەوەی دەستووری پادشایی وەربگرێت سەردانی ئێمەی کردووە. ئێمەش بۆ ویلایەتی سووریەمان ناردبوو، ناوبراو (ستی خانم) کە تەمەنی گەیشتۆتە 110 ساڵ و تەندروستییەکەی دژوارە و زۆر زەحمەتە بتوانێت. ئەگەر داواکارییەکی هەبێت و عەرزی ئاستانەی شاهەنشاهی بکات هاوپێچ لەگەڵ سەلامی ئەو دەنێرین. لەسەر ئەو ڕاگەیاندنە ئەو دوعاگۆیەی کە ناوی لە سەرەوە هاتووە وازی لە هاتنی بۆ ئەستەنبوڵ هێناوە. ئەو عەرزوحاڵەی کە داویەتی بە نووسراوی ویلایەتی ناوبراو بوو، ئێمەش پێشکەشی ئێوەی دەکەین. لەو بوارەدا ئیرادە و فەرمانی حەزرەتی (من لە الامر)ە.*

*لە 16ی ڕەبیعولئاخیری ساڵی 1308 و لە 17ی تشرینی دووەمی ساڵی 1306*

*لە 29ی تشرینی دووەمی ساڵی 1890*

*بەندەتان یاوەری ئەکرەم/ دەروێش/ شام*[28]

لە وەڵامی نامەی ناوەندیش بۆ والیی سوریە ئەوە هاتووە، کە حەزرەتی ستی خانم لەبەر تەمەنەکەی دیارە ناتوانێ بێتە ئەستەنبوڵێ، بۆیە ئەگەر داواکارییەکی هەیە ئێوە بۆی بنووسن:

***بۆ والیی سووریە*[29]**

*حەزرەتی ستیی هاوسەری حەزرەتی مەولاناخالید داوادەکات بێتە ئەستەنبوڵێ، بەڵام دەرکەوتووە کە ئەو پیر بووە و زۆر زەحمەتە لەبەر تەندروستییەکەی تەحەممول بکات و ناتوانێت. ئەگەر داواکارییەکی هەبوو کە عەرزی خاکی بەر پێی پادشا بکات، لە لایەن ئێوەوە با بۆی بنووسرێت. ئەوەی پێ بڵێن و پێی ڕابگەیەنن.*

---

[26] ئەم مێژووە دەبێتە بەرامبەر مانگی مایسی ساڵی 1853ی میلادی.

[27] *مولانا خالد النقشبندی ومنهجه فی التصوف*، جواد فقی علی الجوم حیدری، ص 33

[28] Y__PRK_BŞK__00019_00091_001_001

[29] Y__PRK_UM___00018_00053_001_001

*لە 25ی ئابی ساڵی 1306*

*لە 6ی ئەیلوولی ساڵی 1890*

2-دەقی نامەکەی ستی خانم کە بە خەدیجەش ناوی هاتووە و چەند داواکارییەکی هەیە و داوا دەکات دەستەڵاتدارانی عوسمانی بۆی جێبەجێ بکەن:

*داواکاریی دوعاگۆتان*[30]

*خودای من، شاهەنشاهی بنکەی بەزەیی و ڕەحمەت کە بە منەتەوە نیعمەتی داوەتە ئێمە و پادشای عالەمپەناهمان، گەورەمان هەتا هەتایە تەمەنەکەی، تەندرووستییەکەی، بەزەیی و بەخشندەییەکەی، مەرحەمەتی حەزرەتی ضل الله هەر زیاد بێت و بە سێبەری خەلافەتپەناهی هەموو بەندەکانمان بگەنە بن ئەو سێبەرە، ئامین.*

*ئەو کەنیزەتان، بۆ ئەوەی بگاتە ئامانج و ئاواتەکانی خۆی، لەبەر قاپی پیرۆزی ئێوەدا دانیشتووە و مژوولی تاعەت و عیبادەتە. لەبەر حورمەتی تەمەنم کە گەیشتۆتە کەماڵ، ئەو ئیستیرحامانەی کەنیزەکتان، لەسەر ئەو تیلگرافەی گەیشتۆتە دەروێش پاشا و دەڵێت: ئەو عەرزو حاڵ لە تەرەف سەدارەت پێشکەشی پادشا دەبێ، ئێمە جەسارەتمان کرد کە لە ژێرەوە هەندێك شتان داوابکەین.*

*یەکەمین: نیشتەجێیی بەهەشتی بڵند، مەرحووم و مەغفوور السلطان الغازی حەزرەتی عەبدولمەجید خان، خودا جێیەکی پاکی بداتێ. بە مەرحەمەتی خۆی لە سالحییەی شامێ لە کەناری سەفحی جەبەل ئەو تەکیەی کەوا لە بۆ غوس الواصلین، قطب العارفین مەولاناخالیدی دروست کردبوو. ئەو تەکیە لەو ڕۆژەوەی کە دروستکراوە هەتا ئەمڕۆ هیچ جار نۆژەن نەکراوەتەوە. لەبەرئەوە وەك وێرانەیەکی لێهاتووە. هاوپێچ لەگەڵ ئەمەدا دەرماڵەی ساڵانە و خۆراکی مانگانە کە لەلایەن سندووقی دارایی ویلایەتی شامەوە وەك پێنجیەك و بە تەنزیلاتی دیکە دەبوونە چواریەکی بۆ تەرخاندەکرا.*

*لەبەر هەندێ تەکیە لەبیرکراوە و لەناو تەکیەشدا ئەو دەروێشانەی کە بۆ زێدەبوونی قودرەت و ئیقبال و ئیجلالی وەلییونیعمەتمان، پادشای بە مینەتمان ،حەزرەتی گەورە و شاهەنشا، بە دوعاکردنی وەزیفەداران دڵشکاو بوونە. جا بۆ نۆژەنکردنەوەی ناچاربی تەکیە، تەخسیساتی ساڵانە وەك بڕە پارەی جاران بیدرێتێ. مووچەی خۆراکیش وەك جاران 1500 قرووش بدرێت و بۆ کوڕەکەشم شێخ نەجمەددین ئەفەندی بەڵگەیەکی ڕەسمی بدرێتێ. ئەوانە لە داواکارییەکانی منن.*

*دووەم: هەردوو بان و زەوی گوندەکانی ئەفتەریس و عەین تەرما کە سەر بە قەزای دومانە و ئەویش سەر بە ویلایەتییە، بۆ تەکیەی قینوان و ماڵی مەولاناخالید وەقفکرابوون. ئەوانە وەك هاوشێوەکانیان لە باج هەڵاوێردکرابوون، ئەمساڵ لەلایەن گەنجینەوە جێگیرکراوە. بە داهاتی ئەو بان و عەردانە ئەو کەسانەی لە تەکیە دەمیننەوە و هەژار و ئەو ماڵانەی کە ژمارەیان دەگاتە 35 کەس و زۆربەی زۆریان پیرەژنێ بێ چارە و بەستەزمانن و بەو داهاتە ئیدارەی خۆیان دەکەن. دوای ئەو جێگیرکردنە ئەو بانە و عەردانە بێ چارە و بێ بەرهەم ماونەتەوە. باجی ئەو عەردو بانانە 200 قرووش خەمڵێنرابوو. بەلام موزایەدەکەیان دوو مانگی بەردەوام بوو و بە 3000 قرووش ئیحالەکرا. هەر چەندە باجی ئەوقاف وەك ئەو بانەیە ئیستا دەستووری فرۆشتنی ئەو باجانە نەشمێنێ، ئەو نرخی (3000 قرووش)ەی باسکرا وەك ئەوەی دیارە شتێکی زۆر کەمە. خانەقا و ماڵ لەلایەکی دی هیچ داهاتیان نییە. ئێوەش لە زیادبوونی هەژاران تەماشایەك بکەن، بۆ حورمەتی ڕۆحانیەتی مەولاناخالید وەك جاران لە باجێیان هەڵاوێرد بکەن.*

*مانگێ دە لیرەی عوسمانی کە لە 9ی جەمادولئەووەلی ساڵی 1292 لە ئەوقافی مەرحوومە و مەغفوورە دایکی حەزرەتی سوڵتان عەبدولعەزیزی ساکینی جەننەت تەرخانکرابوو و ئێستا ئەو هۆبە تایبەتە کە ئیستا بۆتە پاشکۆی وەزارەتی ئەوقافی پادشایی، لەسەر ناوی شێخ نەجمەددین ئەفەندی کوڕم وەردەگیرا، لەلایەن وەزارەتی ناوبراوەوە ناوی دەرچووە و دوای مامەڵەی پێویست لە لایەن ئەوقافی شامی شەریف بدرێت. بەو شێوەیە ئەو*

[30] Y__PRK_BŞK__00019_00091_004_001

*هەژار و نەدارانەی زۆر موحتاجن موحتاجیەکەیان نامێنێ و بە سایەی مەرحەمەتی پاشا پێویستییەکانی تەکیە دابین بکرێن.*

*سێیەمین: شەهەنشا کە نەسلی گەورەیە و پادشاش مەرحەمەتی بۆ هەبووە و خاوەن تەبیعەتە بۆ شەرەفی گەورەمان و سەییدمان عەبدولقادر گەیلانی و وەلییەگەورەکان منداڵەکانیان لە سەربازی دەبەخشن. مەولاناخالید لە موجەددیدەکانی تەریقەتی نەقشبەندییە، وەسیلەی حەیاتی ئەبەدییە، جگە لە کەرامەتی زاهیری و باتینی، ئەویش لە نەسلی عوسمانی کوڕی عەففانی کۆکەرەوەی قورئانە و یەك لە چوار یاری هەڵبژێردراوی حەزرەتی رەسولورەببیلعالەمینە. لەبۆ حورمەتی باپیرانی ئەو کەریمە و بۆ فەیزی رووحانیەتی، ئەولادەکانی لە سەربازیی ئازادبکە. ئیستیرحام و مەعرووزاتی من موحتاجی عینایەت و مەرحەمەتی حەزرەتی خەلیفەتپەناهییە کە جیهانی لەسەر خۆدا گرتووە. بێزەحمەت، بە کەرەمی خۆت، لەسەر ئەو داخوازینامەیەی من، بۆ نۆژەنکردنەوەی تەکیەی سالحییە، ئەو پارانەی کە بۆ نۆژەنکردنەوە تەرخانکراوە و خەملێنراوە و تەخسیساتی سالانە و مانگانەکەی وەك جاران بدرێت. هەروەها بۆ ئەو بانەو عەردانەی کە باسکران، هەڵاوێردکردنیان لە باجێ بە موتالەعەیەك کە لە سەدارەتتان دەرچووبێ بۆ دەروێش پاشا بنێردرێت. ئەو دە لیرەی عوسمانی (بانکنۆد-وەرەقە) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شامێ بدرێت و ئەولاد و نەوەکانی من لە خزمەتی سەربازی هەڵاوێرد بکرێن. تا ببێتە هۆی دوعای بەردەوامی تەمەن، عافیەت، مەرحەمە و رەئفەتی ضل اللہ و شەهریاری پڕ بە مەرحەمەت، ئێمە ئاواتەخوازین ئەو ئیستیرحانامەمان قبوڵ بکرێن. لە هەر بار و کاتێکدا ئەمر و فەرمانی حەزرەتی(من لە الامر)ە.*

***دوعاگۆ: هاوسەری مەولاناخالید***

***مۆر: خونچەی گولی باغی جینان***

***خەدیجە***

3-ستی خانم سوورە لەسەر ئەوەی ئەگەر ئەویش نەتوانێ بچێتە ئەستەنبوڵ، دەبێ کوڕەکەی بنێرێت، بۆیە والیی سوریە عیصام نامە بۆ ناوەند دەنێرێت و بۆچوونی ئەوان وەردەگرێت ئاخۆ کوڕەکەی مەولانا بنێرن یاخود نا؟ :

ئاشکراکردنی ئەو کۆدەی کە لە ویلایەتی سووریەوە هاتووە[31]

*لە پێشدا ئێمە ئەوەمان خستبووە ڕوو کە هاوسەری مەولاناخالید، نەمانهێشتووە بێتە ئەستەنبوڵ. هەندێك داواکاریی ئەو نزیکن بنێردرێن. ئەویش داوادەکا و ئیسرار دەکات کە کوڕەکەی بنێرێتە ئەستەنبوڵ. سەبارەت بەو حەرەکەتە، فەرمانمان بۆ بنێرن.*

*لە 28ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1306*

*9ی تشرینی دووەمی سالی 1890*

*عاصم: والیی سوریە.*

4-کوڕەکەی مەولانا داوای تەرخانکردنی مووچە بۆ شێخ ئەسعەد ساحێب دەکات:

دیارە یەك لەو داواکارییانە تەرخانکردنی مووچەیەك بووە بۆ شێخ ئەسعەد ساحێب، بۆیە والیی سوریا کۆدێك بۆ ناوەند دەنێرێت و ئەو هەواڵەیان پێ ڕادەگەیەنێت، کە:

*ئەو کۆدەی کە لە ویلایەتی سووریەوە هاتووە[32]*

[31] Y__PRK_UM___00019_00051_001_001

[32] Y__PRK_BŞK__00019_00091_003_001

*لە1ی تشرینی دووەم ساڵی 1306، ئیرادەی سەدارەت، بە کوری حەزرەتی ستیی هاوسەری مەولاناخالید ڕاگەیەنراوە. بەڵگەی ڕەسمی لە نووسراوی ئێوەی مەزنەوە دەرچووە و سەبارەت بە تەرخانکردنی مووچەی شێخ ئەسعەد ئەفەندی گەیشتە دەستمان. پێویستییەکانی ئێوەمان جێبەجێ کرد.*

*لە 4ی تشرینی دووەمی ساڵی 1306*

*لە 16ی تشرینی دووەمی ساڵی 1890*

*محەمەد عاصم/ والیی سووریە*

5-والیی سوریا عاصم وەڵامی داواکارییەکەی دەروێش پاشا دەداتەوە، کە نامەکەی خێزانی مەولانا و داواکارییەکەی تێدا هاوپێچ کرابوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

*ویلایەتی سووریە*[33]

*بەڕێوەبەری نووسین*

*بۆ یاوەری حەزرەتی شەهریار دەروێش پاشا*

*حەزرەتی خاوەن شکۆی مەزن*

*تەلەگرافنامەی سەدارەتی مەزنتان بە کۆد و مێژووی 25ی ئاب بۆ هاوسەری مەولاناخالید پێشکەش کرا. لەو تەلەگرافەدا جەنابتان گوتوتانە: ستی خانمی هاوسەری مەولاناخالید داوادەکات بێتە ئەستەنبوڵ، بەڵام لەبەرئەوەی پیرە و بەو لەشە ناسکەوە بەرگەی ئەو بارەگرانەی سەفەرکردنێ ناگرێت. لەبەرئەوە پێی بڵێن: ئەگەر هەر داواکارییەکی هەبێت با عەرزو تەقدیمی پادشای بکات، لەگەڵ سەلامتان دەتوانین بنێرین. لەو تەلەگرافنامەیەتان بە مێژووی 27ی ئابی ساڵی 1306 دا وەك وەڵامی تەلەگرافنامەی پێشوو، عەرزو تەقدیممان کردبوو کە ستی خانم وازی لە هاتنە ئەستەنبولێ هێناوە و عەرزوحاڵەکەی سەبارەت بە هەندێك شتە و ئێمە بە پۆست بۆتانی دەنێرین. عەرزوحاڵەکەی ستی خانم لە پەراوێزێدا پێشکەش کراوە. لە موتاڵاکردنی ئەو عەرزوحاڵەدا وەك چۆن کە مەعلوومی جەنابتان ببێ:*

*داخوازی یەکەم ئەوەیە کە نۆژەنکردنەوەی خانەقای مەولاناخالید کە کەناری جەبەل قیونی سالحییەیە و تەخسیساتی ساڵانە و خوردوخۆراکی مانگانە کە پێشتر کەمکرابوویەوە، با وەك جاران بدرێتەوە، جا بۆ ڕەسمیبوونی لەسەر ناوی نەجمەددین ئەفەندی کوڕیەوە بەڵگەیەکی ڕەسمی ئامادەبکرێت.*

*دوو: ئەو دوو باخ و عەردانەی کە بۆ خانەقا و ماڵی مەولاناخالید وەقفکرابوون و ئەمساڵیش وەك گوند و خەڵکی گوندی وەك وان لەسەر ناوی گەنجینەوە تۆمارکراون و جێگیرکراون، با لە باج هەڵاوێردبکرێن. هەروەها 10 لیرە ئەو پارەیەی کە نەجمەددین ئەفەندی مانگانە لە هۆبەی تایبەت کە ئێستا بۆتە پاشکۆی ئەوقافی پادشایی وەریدەگرت، با ئێستا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شامەوە بیدرێتێ.*

*سێ: ئەولادەکانی مەولاناخالید وەك هاوشێوەکانیان با خزمەتی سەربازییان پێ نەکرێت. خانەقای شەریفیش لە سالحییە بەڕاستی پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە. بەڵام وەك ئەوەی لێی دەفامرێتەوە خەرجیی نۆژەنکردنەوەیان نییە. جا بە گوێرەی لێدوانی خاوەنی عەرزوحاڵێ ئەو شتانەی پێویستن بۆیان بکرێت. سەبارەت بەوانە ئێمە چاوەڕێی بۆچوونی ئێوەی مەزنین. لەو بوارەدا ئەمر و فەرمانی حەزرەتی من لە الامرە.*

*لە 4ی ڕەبیعولئاخەری ساڵی 1308 و لە 4ی تشرینی دووەمی ساڵی 1306*

*لە 17ی تشرینی دووەمی ساڵی 1890*

*بەندە/ والیی سوریا*

*مستەفا عاصم حوسێن*

6- داواکارییەکان لەلایەن خەلافەتەوە جێبەجێدەکرێن:

---

[33] Y__PRK_BŞK__00019_00091_002_001

له ڕێكەوتی 30ی تشرینی دووەمی ساڵی 1890دا به نامەیەكی ڕەسمی له نووسینگەی سەدارەتەوە فەرمانی پێ دەرچووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەو داخوازینامە (ئیستیرحامنامە)ی وەزارەتتان و پەراوێزتان موتاڵاكراوە. نۆژەنكردنەوەی خانەقای حەزرەتی مەولانا ئەو تەخسیساتی ساڵانەی خانەقا، خۆراكی مانگانە كە دەدرێن، بڕەكەیان وەك جاران بدرێت. دانی بەڵگەیەكی ڕەسمی ڕاوێژپێكردنتان بۆ شێخ نەجمەددین ئەفەندی كوڕی مەولاناخالید، ئەو زەوی و زارو باخەی كە بۆ خانەقای مەولاناخالید وەقفكرابوو، ئێستا دارایی خستویەتیە بن دەستی خۆی و با وەك جاران لە باج هەڵاوێرد بكرێت. حەواڵەكردنی 10 لیرە مووچەی شێخ نەجمەددین ئەفەندی[34] بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شام، بەخشینی منداڵەكانی مەولاناخالید لە سەربازی داواكراوە. نۆژەنكردنەوەی خانەقا لەلایەن گەنجینەوە و زیادكردنی تەخسیسات و خورد و خۆراكیان، با بۆ حەوالەكردنی مووچەی شێخ نەجمەددین ئەفەندی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بە گوێرەی عەرزو حاڵی جێبەجێكردنی ئەو كارە سەبارەت بە عەرد و زەوی و باخان وەك هاوشێوەكانی حەرەكەت بكرێت. ئەو خاڵانە بە ئیرادەی جەنابی خەلیفەتپەنای خاوەن شەرەف ڕاگەیەندراوە. لەو بوارەدا ئەمر و فەرمانی حەزرەتی من لە الامرە.

له 6ی ڕەبیعولئاخەری ساڵی 1308 و له 18ی تشرینی دووەمی ساڵی 1306

له 30ی تشرینی دووەمی ساڵی 1890

سەرنووسەری حەزرەتی شەهریار/ سووریەییا

**5-مردنی ستی خانم**

تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەكی مێژوویی باسی له مێژووی وەفاتی ستی خانم و دوا خێزانی مەولانا نەكردووە، هەر وەك له بەڵگەكانی پێشوو ئەوە ڕوون كرایەوە كە ستی خانم تەمەنی زیاتر له 110 ساڵە و دایكی كوڕەكانی مەولانایە، بە گوێرەی بەڵگەیەكی تر دوای ئەوەی كە لەبەر پیرییەكەی ناتوانێ سەردانی ئەستەنبوڵ بكات، ساڵێك دوای ئەوە بە گوێرەی نووسراوی والیی سوریا ستی خانم له 20ی ئابی ساڵی 1307 بەرامبەر 1ی ئەیلولی 1891 كۆچی دوایی دەكات:

بۆ سەرۆك نووسینی هومایۆن[35]

ج. له 20ی ئابی ساڵی 1307، جەنازەی هاوسەری مەولاناخالید بە گوێرەی ئیرادەی حەزرەتی خیلافەتپەناهـ وەك ئەوەی شایستەی مەقامی مەولاناخالید بوو نەقڵ و ئەسپەردەی خاك كراوە.

له 24ی ئابی ساڵی 1307، بەرامبەر 5ی ئەیلولی ساڵی 1891

مستەفا عاسم

والیی سوریا

**5- لەبارەی كچەكانی مەولانا خالیدەوە**

**5-1 فاتیمە**

فاتیمە لە ژنە فەلەستینییەكەیە و بەناوی فاتیمەی زەهرا كراوە، بە ساڵێك پێش وەفاتی مەولانا لەدایك بووە واتە ساڵی 1241ی كۆچی بەرامبەر 1825ی میلادی. فاتیمە ئافرەتێكی زیرەك و زانا و تێگەیشتو بووە، لەسەر ڕێباز و تەریقەتی باوكی بووە، زۆر لە ژنان لەسەر دەستی سوودیان وەرگرتووە، قورئانی هەموو لەبەركردووە و فێری شیعر و نووسین بووە و قسەی بە چوار زمانی عەرەبی، كوردی، توركی و فارسی كردووە، لە ساڵی 1280 بۆتە ژنی محەمەد خانی و كچێكی لێ بووە ناوی بەهیە بووە، فاتیمە لە ساڵی 1286

[34] Y__PRK_BŞK__00019_00091_001_002
[35] Y__PRK_UM___00022_00111_001_001

بەرامبەر ساڵی 1869 سەفەری حەج و زیارەتی مەزاری پیرۆزی پێغەمبەر دەکات و لە مینا کۆچی دوایی دەکات.[36]

### 1-1-5 نامەی فاتیمەخانی کچی مەولانا

هەر وەك پێشتر روونکرایەوە لە عائیشەی خێزانی مەولاناوە، دوو کچ بە ناوەکانی فاتیمە و سارا بەجێ مابوون، دیارە هەشت ساڵ دوای داواکردنی مووچە بۆ دایك و ئەو دوو کچانە، جارێکی دیکە فاتمە خانم دووچاری دەستکورتی و نەداری دەبێتەوە، بە گوێرەی بەڵگەکە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە پێش ئەم هەشت ساڵە فاتیمە شووی نەکردبێت، بۆیە لەگەڵ دایکی و سارای خوشکی مووچەکەی بۆ دابەش دەکرێت، بەڵام ئەمجارە بە تەنیا داوای یارمەتی و برینەوەی مووچەی کردووە و وەك خاوەن موڵکێکی زۆر خۆی نیشان دەدا کە هەمووی لەبەر نەدارییان فرۆشتوونە. جا ناوبراو چۆتە ئەستەنبوڵ و لەوێ نامەیەك بۆ مەقامی سەدارەت دەنووسێت و باسی خراپی حاڵ و گوزەرانی خۆی تێدا بەیان دەکات و دیارە تاقیبی کەسێکی بەناوی شەرەف خانم کردووە کە مردووە و مووچەکەیشی 700 قرووشە، بۆ ئەوەی یاساکە بیگرێتەوە ناوی ئەو دێنێت و داوا دەکات ناوی بخەنە شوێنی ئەو پیرەژنە، لە هەمان کاتیشدا داوای ئەوە دەکات لەبەر ڕێز و حورمەتی خاکی مەولانای باوکی دەبێ ئەم کارەی بۆ بکەن. ئەمەش دەقی نامەکەیە:

*داواکاریی بەندەی هەرە سووك و حەقیرتان*[37]

*ئەو کچەی دوعاگۆتان کە کچی حەزرەتی مەولاناخالید قدس سره الواحد کە لە شامێ ئەسپەردەی خاك کراوە، لەبەرئەوەی ماوەیەکە من دووچاری گوزەران خراپی بووبووم و ئەو موڵکانەی باجێ کە لە بن تەسەروفاتی مندا بوون، فرۆشتنم و پارەکانیانم لە خەرجییەکانی شتی پێویستدا خەرج کردووە. هەر لەبەر هەندێ بۆ گوزەرانەکەم شتێکم لەبەر دەست نەماوە. لەلایەنی گوزەرانەوە حاڵم خراپە و دووچاری پێویستی بوومەتەوە و دونیایەك قەرزم کەوتۆتە ئەستۆ. بە متمانەی چاکەلەگەڵکردنی ئێوە ئەم جارە دەرحەق چاکەی ئێوەوە هاتومەتە ئەستەنبوڵ. لەبەرئەوەی شەرەف خانم کۆچی دوایی کردووە و 700 قرووش مووچەکەی واڵا بووە و بە چاکە و مەرحەمەتی خۆتانەوە لەبەر حورمەتی خاکی باوکی بە شەرەفم حەزرەتی مەولاناخالید و بۆ خێری تاجی جەنابی شاهەنشا، لەو مووچەی واڵابووی ئەو پیرەژنەی چۆتە بەر رەحمەتی خودا، برە مووچەیەکی گونجاو بۆ ئەو کەنیزەکەی خۆتان تەرخان بکەن و ئەو چاکەیەش هەر لایقی جەنابی سەدارەتتانە. لە هەر بارێکدا ئەمر و فەرمانی حەزرەتی(من له الامر)ە.*

*دوعاگۆ*

*فاتیمەی کچی مەولانای ناوبراو*

ئەنجومەنی باڵاش لە 31ی ئاداری ساڵی 1861 وەڵامی وەزارەتی دارایی دەداتەوە و وا نیشان دەدات کە موتاڵەعەی ئەو عەرز و حاڵەیان کردووە و بڕیاریان داوە: مەولانا خالید یەك لە ئەولیایانی مەزنە، لەبەر خاتری خاکی پیرۆزی ئەو، ڕزگارکردنی کچەکەی لەو گوزەران خراپییە پێویستییەکی گەورەیە. بۆیە ئێوە لێکۆڵین بکەن کە بەڕاستی ئەگەر ئەو مووچەیە واڵا بووە، بۆ تەرخانکردنی بۆ فاتمە خان بە زوویی ئەو بارودۆخە بۆ وەزارەتی ئێوە بنێردرێت. بەو شێوەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە و دەرحەقی ئەو بابەتە بە دەست و برد تەزکیرەیەکتان بۆ ڕەوان دەکەین.[38]

لە بەڵگەیەکی دیکەدا کە مێژووی لەسەر نەنووسراوە و پێدەچێت پێش ئەو بەڵگەیەی سەرەوە بووبێت، مەقامی سەدارەت داوا لە وەزارەتی دارایی دەکات کە فاتمە خانمی کچی مەولانا، لەبەرئەوەی برایەکەی کە نەجمەدین ئەفەندییە لە ژیاندا نەماوە و هەموو موڵکەکان لە بن سەرپەرشتیی فاتمە خانمن، بۆیە پێویستە لەم کاتەدا کە ناوبراو دەستی کورتە لەلایەن گەنجینەوە برە پارەیەکی وەك مووچە بۆ تەرخانبکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا باسی خانیزادە محەمەد ئەفەندی دەکات کە زاوای مەولانا خالیدە، واتە مێردی فاتیمەتوززەهرایە، ئەویش داواکارییەکەی لەگەڵ داواکاریی فاتیمە هاوپێچ کردووە. وەك لەم بەڵگەیەدا هاتووە:

---

[36] مولانا خالد النقشبندی ومنهجه فی التصوف، جواد فقی علی الجوم حیدری، ص 33

[37] I_MVL_00448_019950_001_001

[38] A_}MKT_NZD__00348_00050_001_001

له حەزرەتی ڕیاسەتپەناهی خاوەن شەرەفەوە بۆ وەزارەتی دارایی[39]

فاتیمەتولزەهرا خانمی کچی حەزرەتی مەولاناخالید قدس سره الواحد کە لە شامی شەریفە ئەسپەردەی خاك کراوە، عەرزوحاڵی پێشکەشی مەقامی مەرحەمەتی جەنابی ملوکانە (پادشا) کردووە، لە عەرزوحاڵەکەیدا: لەبەر ئەوەی تووشی نەداری و موحتاجیێ بووە و داوای برە مووچەیەکی گونجاو دەکات بۆی تەرخان بکرێت. لە عەرزوحاڵێکی دیکەی خانیزادە محەمەد ئەفەندی زاوای مەولاناخالید تەزکیرەی سەدارەت کە ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی مەشیخەتە، دوای موتالاکردنمان بۆ ناردنی ئەنجومەنی باڵادا بە هاوپێچی بۆتانی دەنێرین. لە عەرزو حاڵەکە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە نەجمەددین ئەفەندی برای فاتیمەتولزەهراخانم وەفاتی کردووە و ئەو موڵکانەش لە دەستی ئەودا ماونەتەوە، بۆیە پاراستنی ئەوان (فاتیمەتولزەهرا خانم) لەو هەژاری و موحتاجییەدا تەنیا شایانی مەزنی پادشایە. لەبەرئەوە بۆ سەردانی گەنجینە و پێویستی ئێوە لە ئەمر و فەرمانی ئەفەندیمانە.

جێگەی باسە لە بەڵگەکاندا تەنیا بە وردەکاری باسی فاتیمە دەکات و هیچ شتێك لەبارەی ساراوە نەهاتووە، جگە لەو بەڵگەیەی کە مووچە بۆ دایك و سارا و فاتیمە دەبڕدرێتەوە.

### 6- لەبارەی کوڕەکانی مەولانا خالیدەوە

سەبارەت بە کوڕەکانی مەولانا، ئەگەر چی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ناوی هەموویان نەهاتووە. بەڵام ئەو سەرچاوانەی دەربارەی بنەماڵەی مەولانا خالیدن، باس لە چوار کوڕی دەکەن، لە کاتێکدا منداڵی ژنەکانی تری زۆر بە کەمی باس کراون. ئەوەی تا ئێستا هەیە ئەوەیە کە (مەولانا لە ژنی یەکەمیان چوار کوڕی دەبن، ئەوانیش هەر یەك لە: عەبدولرەحمان لە شەش ساڵی و لە ساڵی 1826 بە پەتای تاعوون لە دیمەشق وەفات دەکات. کوڕی دووەمیان بەهائەدین بووە ئەویش لە پێنج ساڵی بە هەمان پەتا و چەند ڕۆژ پێش براگەورەکەی وەفات دەکات و زمانەکانی عەرەبی و فارسی و کوردی زانیوە، هەندێك پێیان وایە لەدایکبووی بەغدا بووە. کوڕی سێیەمیان ناوی شەهابەددین بووە و لە ئورفا ئەو کاتەی لە بەغداوە بەرەو دیمەشق لە ڕێگا بوونە لە ساڵی 1822 وەفاتی کردووە. کوڕی چوارەمیان ناوی نەجمەددین بووە و پاشەبەرەی مەولانا بووە و دوای وەفاتی مەولانا لەدایك بووە لەو کاتەی دایکی نەجمەددین ویستویەتی سەفەری سلێمانی بکات بە هاوەڵی شێخ ئەحمەد هەولێری، لە ڕێگای گەڕانەوەی سلێمانی ئەم نەجمەددینە لەدایك دەبێت و لەلایەن دایکی و شێخ ئەحمەدەوە ناودەنرێت نەجمەدین و ماوەیەك لە سلێمانی لای مەحمود ساحێب دەبن و پاشان بە ڕێگەی هەولێرەوە دەگەنەوە شام. نەجمەددین گەورە دەبێت و کامڵ دەبێت ئەنجا تەریقەت لەسەر دەستی عەبدولفەتاح ئاکرەیی و شێخ مەحمود ساحێب وەردەگرێت و ژن دێنێت و کوڕێکی دەبێت ناودەنرێت محەمەد. ناوبراو لە تەمەنی 27 ساڵیدا و لە ساڵی 1853 کۆچی دوایی دەکات.)[40]

ئەوەی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی هاتوون، بریتین لە باسکردنی ئەم کوڕانەی:

### 6-1 محەمەد سەعید ئەفەندی:

ئەم کوڕەی مەولانا لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژووییەوە پشتڕاستنەکراوەتەوە، تەنیا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە لە دوای وەفاتی مەولانا تەنیا نەجمەددین لە ژیاندا ماوە، بەڵام بە گوێرەی بەڵگەیەك ناوی محەمەد سەعید ئەفەندیش وەك یەکێك لە کوڕەکانی مەولانا هاتووە لە ساڵی 1867ەوە، بێگومان لەم مێژووەش هیچ کوڕێکی مەولانا لە ژیاندا نەماوە، ئێمە گومانی ئەوە دەکەین کە ئەمە یەکێك لە نەوە یان برازاکانی مەولانا بێت:

*دیوان[41]*

*ئەو نووسراوەی کە دیوانی ژمێریاری نووسیویەتی و وەزارەتی داراییش پەراوێزی بۆ کردووە و پێشکەشی ئەنجومەنی باڵای کردوە، وەها دەڵێت کە: شێخ محەمەد فیراقی ئەفەندی کە مەزارگەوانی گۆڕی حەزرەتی*

---

[39] MVL_00483_00097_001_001

[40] *مولانا خالد النقشبندي ومنهجه في التصوف*، جواد فقی علی الجوم حیدری، ص 33

[41] I_MVL_00574_025767_001_001

*مەولاناخالید قدس سره الواحده کە لە شامێ ئەسپەردەی خاك کراوە. ئەو شوێنەی کە ناوەکەی لەسەرەوە هاتووە بیدەینە دەستی کوڕەکەی مەولاناخالید کە ناوی محەمەد سەعید ئەفەندییە. ئەو مووچەو دامەزراندنانەی تەرخانکراون بۆ نەدار و دەروێشان ئەو وەربیگرێت و بە پێی سیستەمی دەوڵەت کە هەر کێ شیخایەتی بکات بۆی پێویست کراوە.*

*لەبەرهەندێ ئەو تەخسیساتەش دەبێ بدرێتە ئەو ئەفەندییەی ناوی لەسەرەوە هاتووە. لەو بوارەدا دەستوور دەدرێت کە ئەو داواکارییەی لەناو نوسراوەکەدایە بە گوێرەی سیستەمی دەوڵەت و بە گوێرەی هاوشێوەکانی داوادەکرێت. جا بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە و ناردنی نووسراوەکە لە لایەن گەنجینەوە بۆ وەزارەتی دارایی قبوڵ کرابێت و لەو بوارەشدا ئەمر و فەرمانی حەزرەتی(من لە الامر)ە.*

*لە 25ی موحەڕەمی ساڵی 1284 و لە 17ی مایسی ساڵی 1283*

*لە 29ی مایسی ساڵی 1867*

*مستەفا ئەفەندی (لە لیژنەکەدایە)، مۆر: عەلی. مۆر: عبداللطیف سوبحی، مۆر: سەید مستەفا عیززەت. محەمەد پاشا (نەهاتووە). مۆر: عەبدولرەحمان شامی، مۆر: مەحمود جەلالەدین، مۆر: السید محمد ادهم، مۆر: یوسف کامیل، مۆر:مۆسیۆ یانکۆرۆس.*

### 2-6 نەجمەددین

ئەوەی تا ئێستا لەبارەی نەجمەددینی کوڕی بچوکی مەولانا زانرابێت، ئەوە بووە کە (کوڕی چوارەمی مەولانا ناوی نەجمەددین بووە و پاشەبەرەی مەولانا بووە و دوای وەفاتی مەولانا لەدایك بووە لەو کاتەی دایکی نەجمەددین ویستویەتی سەفەری سلێمانی بکات بە هاوەڵی شێخ ئەحمەد هەولێری، لە ڕێگای گەڕانەوەی سلێمانی ئەم نەجمەددینە لەدایك دەبێت و لەلایەن دایکی و شێخ ئەحمەدەوە ناودەنرێت نەجمەدین و ماوەیەك لە سلێمانی لای مەحمود ساحێب دەبن و پاشان بە ڕێگەی هەولێرەوە دەگەنەوە شام. نەجمەددین گەورە دەبێت و کامڵ دەبێت ئەنجا تەریقەت لەسەر دەستی عەبدولفەتاح ئاکرەیی و شێخ مەحمود ساحێب وەردەگرێت و ژن دێنێن و کوڕێکی دەبێ ناودەنرێ محەمەد) [42].

ئەو بەڵگانەی لەبارەی نەجمەددین ئەفەندی هاتوون و کۆمەڵێك زانیارییان تێدایە و بەشێك لە مێژوو ڕاستدەکەنەوە بریتین لەم بابەتانەی خوارەوە:

یەکەم: بەڵگەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە نەجمەددین ئەفەندی دوای مردنی باوکی لەدایك بووە، ئەوەش لە بەڵگەیەکدا دێت کە مژارەکەی میراتە و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ناوبراو ئەگەرچی پاش مەرگی باوکی لەدایك بووە بەڵام مافی میراتی هەیە:

" نەجمەددین ئەفەندی کە دوای باوکی خۆی هاتۆتە دونیاوە و لەبەرئەوەی میراتگری باوکی خۆیەتی، ئەمەش بەشدارە و بەشی هەیە"[43]

دووەم:سەبارەت بە وەفاتی نەجمەددین ئەفەندی:

بۆ کۆچی دوایی ناوبراو، سەرچاوە مێژووییەکان سەرچیخ چوونە، چونکە ئەوان پێیان وایە (ساڵی 1270ی کۆچی وەفاتی کردووە)[44]. کە دەبێتە بەرامبەر ساڵی 1853-1854ی میلادی و واتە ئەو کاتە تەمەنی ناوبراو 27-28 ساڵی بووە. کەچی لە بەڵگەنامەکاندا وێڕای ئەوەی بەڵگەی دوو ساڵ دوای ئەم مێژووەش ناوبراو هەر لە ژیاندا بووە، بەڵگەی دیکەش نیشانی دەدەن تەمەنی زۆر لەوە زیاتر بووە. لە بەڵگەکانیشدا بێ ئەوەی مێژووەکە دیار بێت، ئاماژە بەوە دەکرێت کە نەجمەددین ئەفەندی پێش فاتیمەی خوشکی وەفاتی کردووە، چونکە هەموو

---

[42] مولانا خالد النقشبندی ومنهجه فی التصوف، جواد فقی علی الجوم حیدری، ص 33

[43] I_MVL_00329_014072_002_001

[44] الحدائق الوردیة فی حقائق اجلاء النقشبندیة، عبد المجید بن محمد الخانی، دار آراس للنشر، مطبعة وزارة التربیة، اربیل 2002، ص 343

موڵك و سامانی مەولانا لەژێر سەرپەرشتی نەجمەددین دابووە و دواتر داوادەكرێت كە فاتیمە خانم سەرپەرشتی ئەو موڵك وماڵیە بكات.[45]

لە بەڵگەیەكی دیكەدا كە نزیكەی چل ساڵ دوای ئەو مێژووە و هێشتا ستی خانمی خێزانی مەولانا و دایكی نەجمەددین لە تەمەنی 110 ساڵی دایە ناوی نەجمەددین دێت و ستی خانم داوای مووچەكەی دەكات، بەڵگەكەش فەرمانی سەرۆك وەزیرە بەم شێوەیەی خوارەوە:

*سەدری ئەعزەم (سەرۆك وەزیر)*

*گەڕەكی یەلدز پاشا*

*بەڕێوەبەرایەتی سەرۆك نووسین*[46]

*خانەقای حەزرەتی مەولانا خالید كە لە سالحییەیە، بە هۆی ئەوەی كە وێران بووە و پێشتر لەبەر كەمكردنەوەی تەخسیسی ساڵانە (ئەو مووچەیەی كە لە ساڵێكدا دەدرا) و دانی خواردنی مانگانە كە ببووە چارەگێك و دەبێ وەك پێشتر ئەو كەمكردنەوەیە نەمێنێ و* ***بەڵگەیەكی رەسمی بۆ نەجمەددین ئەفەندی كوڕی مەولانا خالید بنێردرێ*** *و ئەو هەردوو موڵك و باغە ئەوانەی كە بۆ نەجمەددین ئەفەندی و گوزەرانی خانەقا و خانەوادەی حەزرەتی مەولانا خالید وەقفكرابوون، ئەمساڵ لەسەر ناوی گەنجینەی دارایی تۆماركراوە، با وەك پێشتر لە باج ئیستیسنا بكرێن و حەواڵەكردنی 10 لیرەشی مووچەی مانگانە بۆ سندووقی ئەوقافی شامێ كە بۆ نەجمەددین ئەفەندی تەرخانكرابوو و بە ئیستیدعای داواكاری ستی هاوسەری حەزرەتی مەولاناخالید كە داوای كردووە: ئەو خانەقایەی ناوی پێشتر هات لە لایەن گەنجینەی پادشا بە تایبەت نۆژەن بكرێتەوە و تەرخانكردنی خواردن بێ زیادكردن و دەرخستنی مووچەی نەجمەددین ئەفەندی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی كە دەبێ بدرێت، بە گوێرەی ئەو داخوازینامەیەی كە دراوە دەبێ جێبەجێی بكەن. دەرحەقی ئەو دوو بانەیان وەك هاوشێوەكانی وان رەفتاریان لەگەڵ بكرێت، لەو بابەتانەشدا ئیرادەی جەنابی خەلافەتپەناهی شەرەفموتەعالی ئەمر بكرێ و خاڵی نۆژەنكردنەوەی تەكیەی ناوبراو بۆ وەزراەتی گەنجینەی پادشایی بە تایبەت بۆیان بنێردرێ و ئاگاداربكرێنەوە. لەو بوارەشدا ئەمر و فەرمانی حەزرەتی (ولی الامر)ە.*

*لە 17ی رەبیعولئاخیری ساڵی 1308 و لە 18ی تشرینی دووەمی ساڵی 1306*

*لە 30ی تشرینی دووەمی ساڵی 1890*

*سەرۆكی نووسەرانی حەزرەتی شەهریاری سورەییا*

ئێمە لەم بەڵگەنامەیەدا گومانمان هەیە و دەگونجێت مەبەست محەمەدی كوڕی نەجمەددین ئەفەندی بێت و وەك زۆربەی جاران بانگكردنەكە بەناوی باوكە و ناوی كوڕ فەرامۆش دەكرێت، چونكە لە بەڵگەنامەیەكی دیكەدا كە دەكاتە مێژووی 9ی ئابی ساڵی 1855، واتە چەند مانگێك دوای بەڵگەنامەی تایبەت بە باجی گوندی گەرنەك، ئاماژە بەوە دەدرێت كە نەجمەددین و عەبدولرەحمان ئەفەندی وەفاتیان كردووە: " لە نووسراوی وەزارەتی دارایی و هاوپێچ مەزبەتەی ئەنجومەنی ژمێریاری كە بۆ ئەنجومەنی باڵا نێردراوە، وەها دەڵێت كە: نەجمەددین و عەبدولرەحمان ئەفەندی وەفاتیان كردووە. منداڵەكانیان و سەروەتەكانیان و هەردوو گوند بە ناوەكانی دوغان و گردعازەبانی سەر بە ئیلایەتی شارەزوور و قەزای هەولێرن داوادەكەن بیاندرێتەوە[47]"

كەواتە ڕوون بوویەوە كە لە ساڵی 1855ی میلادی نەجمەددین ئەفەندی كۆچی دوایی كردووە.

سێیەم: فەرمانی سەرپەرشتیكردن و خزمەتكردنی مەزاری مەولانا

بە گوێرەی بەڵگەكان ئەوە دەردەكەوێت كە ماوەیەك وەزیفەی خزمەتكاری و چاولێبوونی مەزاری مەولانا، ئەركی شێخ فیراق ئەفەندی بووە، بێ ئەوەی مێژووەكە دیار بێت ئەو وەزیفەیە لە ناوبراو دەسەندرێتەوە و

[45] MVL_00483_00097_001_001

[46] İ__DH___01206_094395_001_001

[47] MVL_00346_00037_001_001

ڕادەستی نەجمەددین ئەفەندی دەکرێت، لەم ڕووەوەش ئەنجومەنی لێپرسینەوە و وەزارەتی دارایی نامە بۆ شێخولئیسلام دەنێرن و لەوبارەوە ئاگاداری دەکەنەوە:

بۆ جەنابی حەزرەتی شێخولئیسلام[48]

مەزبەتەی ئەنجومەنی لێپرسین لەگەڵ نووسراوی وەزارەتی دارایی، کە سەبارەت بە خزمەتکاری مەزارگەی حەزرەتی مەولاناخالیدەوەیە کە لە شامی شەریفدایە، ئەو خزمەتکارییەیان لە دەستی شێخ فیراقی ئەفەندییەوە ستاندۆتەوە و داویانەتە نەجمەددین ئەفەندی کوڕی مەولاناخالیدەوە. لەو بارەوە ئێمە بۆ بۆچوون و نێرینی مەشیخەتی مەزنتانمان ڕەوان کردووە. بۆیە ئەمر و فەرمان هەر هی حەزرەتی (من لە الامر)ە.

چوارەم: نێوانی نەجمەددین ئەفەندی و عوسمانییەکان هەمیشە خۆش نەبووە، دیارە پێش ئەوەی عوسمان نووری ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا و قائیمقامی شام، نەجمەددین ئەفەندی کێشە و گرفتی زۆر بووە، بۆیە لەگەڵ هاتنی ئەو قایمقامە تازەیە، لە بەڵگەیەکدا و لە 12ی مارتی ساڵی 1851 ئەوە بۆ خەلافەت ڕوون دەکرێتەوە کە کوڕەکەی مەولانا دەبێت ڕێزی بگیرێت و ئەگەر پێشتر هەر شتێکیش دەرحەق وی کرابێت یان ئەو بووبێتە جێی نارەزایەتی دەوڵەت، ئەوا ئێستا هیچ جێگەی نارەزایەتی ئێمە نییە:

"بۆ زانینی ئێوەی مەزن ئەو کەسە(نەجمەددین ئەفەندی) لەو زاتانەیە کە کە شایستەی ریعایەتە. لەبارەی مەشایخان ئوسول و دەستوور چۆن جێبەجێ دەبێت، بەو شێوەیە پێشوازییەکی بەڕێزەوە لێبکەن و حورمەتێکی باشی بگرن و ئەو تەنگاسیی و دژوارییەی لەسەر ئاسان بکەن و لە جێبەجێکردنیشدا دیققەت بکەن. وەك ئەو ئەمر و فەرمانەی نیشانی مەرحەمەتتانە، ئێمەش بە ئاگادارییەوە هەڵسوکەوت دەکەین و دەرحەق ئەمسالی ئەو ئوسول چۆنە بە بێ مافداری بەڕێوەی دەبەین، سەبارەت بەویش بزاڤ و جوڵەیەکی خۆش پێك بێت. هەرچی سەبارەت بە پەلەکردن لە جێبەجێ کردنی حورمەت و ڕێز کە ئەگەر لە پێشتریشدا شتێکیش بووبێت، لێرە لە میانەی مەئمووریەتی مندا سەبارەت بەو کەسایەتییە شتێك سەبارەت بە نارازیبوونتان دەرنەکەوتووە." [49]

پێنجەم: داوای بەخشین لە باجی خانوو و عەردی خانەقای مەولانا:

دیارە لە بەشێك لەو ناوچانەی کە خانەقای مەولانا خالیدی لێبووە، زۆرجار ئەگەر خانوو یان عەردێك کرابێتە وەقف بۆ خانەقاکە، دەوڵەت ئەو موڵکانەی خانەقای لە باج بەخشیوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی یاسای تازە و یان فەرمانڕەوایی نوێی ناوچەکە، گەلەك جاران باجیان خراوەتە سەر. لەو سۆنگەیەوە لە گوندی کەنەکرەدا خانوو و عەردێکی خانەقا لەبن سەرپەرشتی نەجمەددین ئەفەندی بووە و دیارە پێشتر گرفتی نەبووە، لەگەڵ هاتنی باج نەجمەددین ئەفەندی داوادەکات لە باج ببەخشرێن چونکە بە گوێرەی ئیفادەی ئەو داهاتی موڵکەکە زۆر کەمە، داواکارییەکەش لە ڕێگەی ئیدارەی ناوچەکەیە بۆ مەقامی سەدارەت:

*"نەجمەددین ئەفەندیی پۆستنشینی خانەقای حەزرەتی مەولاناخالید (قدس سرە الواحد-کە لە شامێ ئەسپەردەی خاك کراوە)، عەرزوحاڵی داوە و لەو عەرزوحاڵەدا وەها نیاز و داخواز دەکات، کە بۆ گوزەرانی خانەقای حەزرەتی مەولاناخالید (قدس سرە الواحد) ئەو خانوو و باخەی کە پێشتر کڕدرابوو هەندێك باجی لێ وەردەگیرا. بەڵام لەبەرئەوەی داهاتی ئەو باخە بەشی گوزەرانی خانەقا ناکات، بۆیە داوادەکەین کە لە باج ببەخشرێت. گوندی کەنەکر کە پێشتر لە دەستی نەجمەددین ئەفەندی دابوو، هەتا ئێستا باجی لێ نەدەسەندرا و ئێستا هەندێك باجیان لێ داواکردووە، ئێمە داوامان ئەوەیە وەکو پێشتر باجی لێ نەسەندرێت. لەو سۆنگەیەوە با فەرمانێك بنووسرێت.*

*لەو چین و توێژە خاوەن عیززەت و کەرەمن و ئەو دەورێشەی کە هیچ ماڵ و موڵکێکیان بە ماڵیانەوە پەیوەست نەکراوە، دەبێ باجیان لێ نەسەندرێت، هەر وەك چۆن ئێمە دەزانین لە کەسانی هاوشێوەی ئەوان فەرمانی مەزنیان بۆ دەرکراوە و باجیان لێ ناسەندرێت گوندی کەنەکرێ کە پێشتر باجیان لێ وەرنەدەگرتن و با وەك پێشتر باجیان لێ نەستێنن و ئەگەر ئێوە ئەمر و فەرمان بکەن بۆ ئەو مەسڵەحەتە. ئەو باخ و عەرەدەی کە باسی لێوەکرا لەمێژە باجی لێ داواکاربوو، چونکە داهاتەکەشی شتێکی کەمە بۆ ئەو کەسەی کە ناوی*

48 A_}MKT_MHM__00045_00086_001_001
49 A_}MKT_UM___00051_00025_001_001

*لەسەرەوە هاتووە، بە دەستووری ئێوەی مەزن کە ئێوە بە شایستەی بزانن و ئەو باخ و زەوییە با لە باجێ ببەخشرێ و مووەفەقی ئیرادەی شاهانەتان بێ، تا ئێمەش ئەو ئەمرە جێبەجێ بکەین."* 50

شەشەم: داوادەکرێت گوندی کەنەکر بگەڕێتەوە سەر سەرپەرشتیی نەجمەددین ئەفەندی، دیارە لەناو بەڵگەکاندا سەبارەت بە ناوی کەنەکر بۆچوونی جیاواز هەیە و دەوڵەت دەیەوێت دووبارە تۆماری گوندەکە بەناوی کوڕی مەولانا بکرێتەوە، وەك ئەوەی پێشتر لەسەر ناوی باوکی بووە و ئەویش میراتگری باوکیەتی. لەو بارەوە بەڵگەکە باسی جۆری داهاتەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە دەکات:

*حەزرەتی ئەفەندیی زۆر بە بەزەیی* 51

*ئەو نووسراوەی کە ئەنجومەنی باڵا هاوپێچ لەگەڵ نوسراوی وەزارەتی دارایی بۆ بۆچوونی حەزرەتی پادشایی و عەرزو تەقدیمکردنی وەهای لێ دەفامرێتەوە کە: گوندی کەنەکر کە لە ساڵی 70 ەوە تا ئێستا بۆ خانەقای نەجمەددین ئەفەندی کوڕی حەزرەتی مەولاناخالید قدس سرە تەرخانکرابوو، ئەو گوندە سەر بە شارۆچکەی حەورانە و ساڵانە 150 قڕووش سەروەت (ماڵ) و 18 قڕووش بۆ قەلەمییەی هەیە و لەبن دەستی کەس دا نییە. داهاتی ساڵانەی 29200 و چەند قرووشێکە و ساڵ بە ساڵ بۆ گەنجینەی شامێ دەبێت. بۆ ئەو گوندە ئەوەی لە نووسراوەکەدا هاتبوو هەڵەیە. بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە دەبێ لەلایەن دەفتەرخانە (تۆمارگە) هەندێك نووسراو بنووسرێت. بۆ تەرخانکردنی بەشێك بۆ خاوەنەکەی (نەجمەددین ئەفەندی) بچێتە دیوانی ڕەزامەندییەوە کە تا ئێستا ڕەزامەندی لەسەر نەدراوە. خاوەنەکەی لەبەرئەوەی پێشتر لەناو بڕیارەکەدایە، دانی بەشێك بەو لە ڕێرەوی مەسلەحەتێ دایە. وەك ئەمە دەبێ نەجمەددین ئەفەندی کە دوای باوکی خۆی هاتۆتە دونیاوە و لەبەرئەوەی میراتگری باوکی خۆیەتی، ئەمەش بەشدارە و بەشی هەیە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە لەلایەن گەنجینەوە دەبێت ئێمە نووسراوێك بۆ وەزارەتی دارایی بنێرین. لەو بوارەدا بە چ شێوەیەك دەبێت ئەمر و فەرمانی جەنابی پادشایە، ئەو چۆن فەرمان بکات و بە گوێرەی فەرمانەکەی حەرەکەت دەکرێت، بەو زانیارییانەوە نووسراومان پێشکەش کرد.*

*لە 23ی ڕەجەبی ساڵی 1271ی کۆچی*

*بەرامبەر 11ی نیسانی ساڵی 1855ی میلادی*

حەفتەم: ئەو باجەی کە لە نەجمەددین ئەفەندی و منداڵەکانی مەولانا وەرگیراوە، دەبێ وەك مووچە بۆیان بگەڕێندرێتەوە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە ماوەیەك دەوڵەت باجی لەم بنەماڵەیە وەرگرتبوو، بۆیە مەقامی سەدارەت والیی شام ئاگاداردەکاتەوە کە چەندە باجیان لێ وەرگیراوە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، هەموو باجەکەیان وەك مووچە بۆ بگەڕێندرێتەوە، لەم ڕووەوەش ناوی کوڕەکانی مەولانا (محەمەد خالید و نەجمەددین) هاتووە، بە گوێرەی بەدواداچوون و زانیاری ئێمە هیچ کوڕێکی مەولانا بەناوی محەمەد خالید نەبووە، ئەمە زیاتر لێی دەفامرێتەوە محەمەد خالید کوڕی شێخ ئەسعەد ساحێبی برازای مەولانا بێت، بەشێکی مژاری بەڵگەنامەکەش لابردنی ئەو ئاستەنگییەیە کە مانگانە زەیتوون لە گوندی ئاین تەرمانەوە بۆ خانەقای مەولانا دەهات، دیارە لە ڕێگەدا ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت:

*بۆ والیی شامی شەریف* 52

*بۆ خانەقای (حەزرەتی مەولانا خالید کە لە شام ئەسپەردەی خاك کراوە) لە گوندی ئاین تەرمان مانگانە زەیتوونیان بۆ تەرخانکراوە، ئەوانە لە باج بەخشراون، هەروەها خانووی ئەوان کە لە شامە ئەویش لە باجێ بەخشراون، هەردوو کوڕی حەزرەتی مەولانا خالید کە ناویان محەمەد خالید و نەجمەددینن عەرز و حاڵیان داوە کە ئەو کەسانەی مانگانە زەیتوون دەهێنن لەلایەن دوو کەسان کە ناویان مستەفا و ئەحمەدن ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت، ئەگەر شتێکی وا هەبێ، ئەوا بە ڕەزامەندی پاشا نییە. بۆ لابردنی ئەو ئاستەنگییە چی پێویست بێ بکرێت. ئەو ماڵەی کە ئەوان تێدانە لە باج بەخشراوە، هەتا ئەویش تێدابن لە باج دەبەخشرێن. مادەم لە باجیش بەخشراون، باجی ساڵانەش بڕی 349.5 قڕووشە بۆ ئەوان بگەڕێننەوە و لە بودجەیدا ئەو خەرجییە نیشان بدەن. لە ساڵی 68ەوە تا ئێستا کە باج لەوان وەرگیراوە، باجی هەر ساڵێکی وەك مووچە بۆ ئەوان*

50 I_DH_00068_003361_001_001

51 I_MVL_00329_014072_002_001

52 A_}MKT_MVL__00072_00075_001_001

*بگەڕێننەوە. ئەم بڕیارە ئەنجومەنی لێپرسین داویەتیە ئەنجومەنی باڵاش جێگیری کردووە و ئیرادە پاشایەتیش شەرەفصدوور بووە. ئەمرەکەش بۆ وەزارەتی دارایی نێردراوە. لەو بوارەدا دەبێ فەرمانی پادشایی جێبەجێ بکرێت، ئەو ماڵەی کە بۆ ئەوان وەقفکراوە نابێ کەس موداخەلەی بکات و ئاستەنگی سەر زینهار مانگانەش لاببرێت. ئیوەش لەو بابەتەدا دەست و برد و هیمەت بکەن.*

*لە 27ی شوباتی 1271*

*لە 15ی مایسی ساڵی 1855*

**7- لەبارەی محەمەد نەجمەددینی نەوەی مەولاناخالیدەوە**

هەر وەك پێشتر ئەوە ڕوون کرایەوە کە نەجمەددین یەکێکە لە کوڕەکانی مەولانا، لە چەند بەڵگەنامەیەکیشدا ئەوە بەدیاردەکەوێت کە کوڕێکی ئەو نەجمەددینە ناوی محەمەدە و بە نەوەی مەولانا دێتە ناسین. لە بەڵگەنامەیەکدا کە مێژووی 25ی حوزەیرانی ساڵی 1306ی ڕۆمی لەسەرە و نامەیەکی خەدیجەی خێزانی مەولانایە بۆ دەسەڵاتی عوسمانی، لە پەراوێزدا (محەمەد نەجمەدین) کە وەك نەوەی مەولانا خۆی ناساندووە، داواکارییەکەی بەرز کردۆتەوە و مۆری ناوەکەی خۆیشی لە کاغەزەکە داوە. کەواتە لەوە دڵنیا دەبینەوە کە ناوبراو نەوەی مەولانایە و لە سەردەمی خەدیجەخانم دا ئەو زیندوو بووە و زۆربەی کاروبارەکان ئەو هەڵیسوارندووە.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە مێژووی 22ی مایسی 1303ی ڕۆمی لەسەرە، تێیدا باس لە دابینکردنی خورد و خۆراك (تەعامییە)ی تەکیەکەی مەولانا خالید دەکات لە شام، بڕە پارەمەتییەکە مانگانە هەزار قرووشە و وا دیارە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1292ەوە ئەو یارمەتییە تەرخان کراوە. ناوی ئەو تەکیە و سەرپەرشتیارەکەشی بە تەکیەی مەولانا خالید لە شامی شەریف و پۆستنشینەکەی محەمەد نەجمەدین بووە. لە ناو مۆرەکەشدا (284) نووسراوە، کە ئاماژەیە بۆ ئەوە ئەم مۆرە لە ساڵی 1284ی کۆچی دروست کراوە.

**8- ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

-مەحموود ساحێبی برای مەولانا خالید دوای مردنی مەولانا کەسایەتییەکی گرنگ بووە و خاوەنی ژمارەیەکی زۆر مورید بووە و سەرپەرشتی بەشێك لە خانەقاکانی کردووە، لەم ڕووەوە عوسمانییەکانیش پەسنیان داوە و بە کەسایەتییەکی گرنگیان حسێب کردووە، تەنانەت حوکمداری ئەوسای شام گرفتی بۆ دروست دەکات و لە خانەقاکە دەریدەکەن، دواتر لایەنی پەیوەندیداری دەوڵەت هەوڵی گەڕاندنەوەی دەدەن و پێیان وایە نیگەرانبوونی مەحموود ساحێب دەبێتە هۆی نیگەرانی خەلافەتیش، بۆیە چ لە سلێمانی و چ لە شام و چ لە حیجاز ئازووقە و مووچەی بۆ دابین دەکرێت، هەروەها پەیوەندی مەحموود ساحێب لەگەڵ والیی بەغداش پەیوەندییەکی باش بووە و سەبارەت بەو موڵك و بیر و ئاشانەی کە سەر بە خانەقای مەولانا بوونە لە سلێمانی، ساحێب نامە بۆ والیی بەغدا دەنێرێت و داوای چارەسەرکردنی ئەو گرفت و ئاستەنگییانە دەکات کە هاتوونەتە سەر ئەو وەقفانە.

-ئەسعەد ساحێب کە برازای مەولانا و کوڕی مەحموود ساحێب بووە، لە زۆر وێستگەی گرنگی ئەو بنەماڵەیە دوای مردنی مەولانا ڕۆڵی هەیە، بەتایبەتی سەبارەت بە نووسراوەکانی مەولانا ئەو سەرپەرشتی چاپیان دەکات و لەم ڕووەوە دیوانی مەولانا و کتێبی بغیة الواجد لەسەر دەستی ئەو ئامادەی چاپ دەکرێن و بە ڕەسمی مەشیخەتی شەیخولئیسلامی لێ ئاگاداردەکرێتەوە و هەوڵی پەیداکردنی خەرجیی چاپەکەش دەدات. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی عوسمانیش ڕێزی زۆریان لە ناوبراو گرتووە و وەك یەك لە کەسایەتییە گرنگەکانی بنەماڵەی مەولانا و شوێنگرەوەی کاروباری خانەقا مامەڵەیان لەگەڵ کردووە.

-لەبارەی خێزانەکانی مەولاناخالیدەوە، تا ئێستا ئەوەی زانراو بوو مەولانا سێ ژنی هەبووە، ئەوەی لە بەڵگەکان زۆر ناوی دێت و زیاتر لە شەست ساڵ دوای مەولانا دەمێنێتەوە و 110 ساڵ تەمەنی بووە ناوی ستی خانم بووە و کورد بووە و دواهەمین خێزانی مەولانا بووە و لە 1891/9/1ی میلادی لە شام کۆچی دوایی کردووە. هەردوو کچەکانی کە فاتیمە و ساران لەگەڵ ئەو ناویان دێت.

-ستی خانم ڕاستەوخۆ داوای چوونی ئەستەنبوڵی کردووە کە چاوی بە بەرپرسانی عوسمانی بکەوێت، بەڵام لەبەر پیرییەکەی نەیتوانیوە سەفەر بکات، بۆیە داواکارییەکانی خۆی دەنووسێت و داوا دەکات کە کوڕێکی بنێرێت (تا ئێستا ڕوون نییە لەو مێژووە واتە 1890 مەبەستی کوڕی خۆیەتی یان نەوەکەی)، لەگەڵ ئەوەشدا عوسمانییەکان ڕێزێکی تایبەتی دەگرن و وەك حەرەمی مەولانا ناوی دێنن و ئەویش بە نامەی تایبەتی داواکارییەکانی بۆ خەلافەت دەنێرێت.

-تا ئێستا زانراو بوو مەولانا تەنیا فاتیمە خانی کچی لەپاش بەجێ ماوە، بەڵام لە بەڵگەکاندا لەگەڵ ناوی فاتیمە ناوی ساراخانمیش وەك کچی مەولانا دێت.

-خەدیجە ناوێك وەك هاوسەری مەولانا خالید ناوی هاتووە، بەڵام بە پێی ئەم توێژینەوەیە وا ڕوون دەبێتەوە کە هاوسەرێکی مەولانا دوو ناوی هەبوونە ئەوانیش خەدیجە و ستی، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی چاپکراو باسی ئەم دوو ناوانەی نەکردووە، بەڵکو لە بەڵگەنامەکاندا هەر دوو ناوەکە هەن.

-نەجمەددینی کوری مەولانا کە پاش مەرگی مەولانایە و بە گوێرەی سەرچاوەکان لە تەمەنێکی زوودا کۆچی دوایی کردووە، بەڵام بە گوێرەی بەڵگەنامەکان تەمەنی لەمە زیاتر بووە و سەرپەرشتی خانەقای مەولانای لە شام کردووە و خاوەنی ڕێز و شکۆیەکی زۆر بووە لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا.

-لە بەڵگەنامەیەکدا باسی کوڕێکی دیکەی مەولانا دەکات بەناوی محەمەد سەعید ئەفەندی و محەمەد خالید، ناوی ئەم دوو کوڕە لە هیچ سەرچاوەیەکی چاپکراودا نییە، دوای توێژینەوە لەبارەی نەوەکانی ئەگەری زۆر هەیە کە هەردووکیان نەوە یان کوڕەزای برای مەولاناخالید بن. وێرای ئەوەش بە بەڵگە ڕوون کرایەوە کە محەمەد نەجمەدین نەوەی مەولانا خالیدە.

-بنەماڵەی مەولانا چەند موڵکێکی وەقفکراوی خانەقایان لەبەر دەست بووە و دەوڵەت لە باج سەندن بەخشیونی، بەڵام چەند ساڵێك باجیان دەخرێتەسەر و لەو ڕووەوەش داواکاریی لە بنەماڵەی مەولاناوە بەرزدەکرێتەوە کە ئەو خانوو و عەردانە لە باج ببەخشرێن و هەروەها داواکاریی ئەوەش دەکەن کە نەجمەددین ئەفەندی کوڕی مەولانا یان کوڕەکەی نەجمەددین لە سەربازی ببەخشرێت.

**9- سەرچاوەکان:**

**بە کوردی:**

- یادی مەردان (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)، مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1979.

**بە عەرەبی:**

- الحدائق الوردية فى حقائق اجلاء النقشبندية، عبد المجيد بن محمد الخانى، دار آراس للنشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل 2002

-الطريقة النقشبندية واعلامها، الدكتور محمد احمد درنيقة، دار جروس برس، بدون سنة الطبع ومكانه.

-مكتوبات حضرة مولانا خالد المسمى بغية الواجد، محمد اسعد صاحب زاده العثمانى النقشبندى، مكتبة سيدا، دياربكر بدون سنة الطبع

- مولانا خالد النقشبندى ومنهجه فى التصوف، الدكتور جواد فقى على الجوم حيدرى، دار الكتب العلمية، بيروت.

بە تورکی:

Abdulcebbar KAVAK, Mevlânâ Hâlid-İ Bağdadî Ve Hâlidî Tasavvuf Geleneğinin Tarihi Gelişim Süreci, Doktora Tezi, Atatürk Üniversitesi, Erzurum 2013


**دەستخەت:**

دەستخەتی (*العقد الجوهری فی الفرق بین کسبی الماتریدی والاشعری*) لە کتێبخانەی مجلس شورای ملی، ژمارە 12386.


**کۆدی بەڵگەنامەکانی عوسمانی:**

- A_}MKT_MHM__00045_00086_001_001
- A_}MKT_MVL__00072_00075_001_001
- A_}MKT_NZD__00348_00050_001_001
- A_}MKT_UM___00051_00025_001_001
- I_DH_00068_003361_001_001
- I_DH_00083_004154_001_001
- İ..DH.00919
- I_MVL_00329_014072_002_001
- I_MVL_00448_019950_001_001
- I_MVL_00574_025767_001_001
- İ__DH___01206_094395_001_001
- MVL_00483_00097_001_001
- Y__PRK_BŞK__00019_00091_001_001
- Y__PRK_BŞK__00019_00091_001_002
- Y__PRK_BŞK__00019_00091_002_001
- Y__PRK_BŞK__00019_00091_003_001
- Y__PRK_BŞK__00019_00091_004_001
- Y__PRK_UM___00018_00053_001_001
- Y__PRK_UM___00019_00051_001_001
- A_}MKT_MHM__00031_00025_001_001[1]
- A_}MKT_UM___00378_00021_001_001
- A.}TŞF. 00014.00030.001
- I_DH_00064_003197_001_001
- I_DH_00079_003935_001_001
- I_MVL_00078_001507_001_001
- İ_MVL_00262_009910_001_001
- MV__00214_00049_001_001
- MVL_00346_00037_001_001
- Y__PRK_UM___00022_00111_001_001


## نموونەی وێنەی هەندێک لە بەڵگەنامەکان





A.}MKT.MVL.00127.00047.001






BEO.004552.341350.002





BEO.004553.341474.001




İ.DH 79/3935
İ.DH.00079


İ.DH 83/4154
İ.DH.00083


٩

عرضحال یازلق ایچون ورقه در
قیمتی اوتوز پاره در
٣٠

İ.MVL 448/19950

1

İ.MVL.00448